


# هەولێر لە ئەجێندای گەشتە دیپلۆماتییەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



ئەمە جاری یەکەم نییە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەمە یەکەمجارە لە ڕێکخستنەوەی کۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ ناوچەیەکی گرنگ و ئاڵۆزی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك لە وێستگە گرنگەکانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بێت. لەمەش گرنگتر ئەمە یەکەمجارە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاوشانی سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتانی ناوچەکە، سەردانی کەسایەتییەك بکات کە هیچ پۆستێکی دەوڵەتی نییە، ئەویش مسعود بارزانی-یە.

ئەگەر سەیری مێژووی دیپلۆماتیەتی ئەمریکا بکەین، دەبینین لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، هیچ وەزیرێکی دەرەوەی ئەمریکا بۆ دووبارە دارشتنەوەی کۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەردانی ئەم ناوچەیەی نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن جیمس بیکەر لە ئیدارەی جورج بوشی باوك لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە کە سەردانی ناوچەکەی دەکردو دەوڵەتانی ناوچەکەی بەسەر دەکردەوە، ئامانجی ئەوە بوو کۆدەنگییەکی ناوچەیی دژی عێراق دروست

**ئەمە یەکەمجارە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاوشانی سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتانی ناوچەکە، سەردانی کەسایەتییەک بکات کە هیچ پۆستێکی دەوڵەتی نییە، ئەویش مسعود بارزانی-یە**



**شێوازی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی زۆر دەمێکە نەک هەر سەرنجی سەرۆک دەوڵەتان و دیپلۆماتکارانی ڕاکێشاوە، بەڵکو سەرنجی ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بە سیاسەتی حوکمڕانیی ڕاکێشاوە**

بکات و سەرلەنوێ کۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە، دیارە گەشتەکەی ئەمجارەی مایك پۆمپیۆش هەمان ئامانجی هەیە و دەیەوێت کۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە و پەیامێکی ڕاشکاوانەشی بۆ دۆست و نەیارانی ئەمریکا لەگەڵ خۆی هێناوە و بە یەك زمان قسە لەگەڵ هەموو لایەك دەکات، هەر بۆیە قسەکانی تورکیای نیگەران کردووە و، بە زەردەخەنەکەشی لەسەر کوشتنی جەمال خاشوقچی، محەمەد بن سەلمانی شازادەی جێنیشنی سعودیەی ئیحراج کرد.

لەگەڵ دەستپێکی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە ٢٠ی ١ی ٢٠١٧ ڕاشکاوانە ترەمپ ڕایگەیاند چیتر کار بە ستراتیژیەت و سیاسەتی دەرەوەی پێشووی ئەمریکا ناکات و چیتر وەك پێشان مامەڵە لەگەڵ سیستمی نیودەوڵەتی ناکات، واتە ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی جۆرج بووشی باوك ناوی لێنابوو: «سیستمی نوێی جیهان»، بەڵام لەماوەی ١٥ مانگی یەکەمی دەستپێکی ئیدارەکەی، ڕێکس تیلێرسۆنی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بە ئاشکرا بە جیهانی ڕادەگەیاند (ئەوەی ترەمپ دەیڵێت، تەنیا هەڕەشەیە و دامەزراوەکان سیاسەتی دەرەوە ئاراستە دەکەن، نەك تەنیا کەسێك کە سەرۆکی ئەمریکایە). لە ئاکامی ئەو ناکۆکییەی نێوان سەرۆك ترەمپ و وەزیری دەرەوە و ستافەکەی، لەمارتی ٢٠١٨ ترەمپ بە تویتێك تیلێرسۆنی ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە و مایك پۆمپیۆی لە جێگەی دانا، کە هەر لەسەرەتاوە ناویان لێنا ترەمپی بچووك (مینی ترەمپ).

لەماوەی ئەو ٨-٩ مانگەی پۆمپیۆ پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای بە فەرمی وەرگرتووە، وەرچەرخانێکی نەوعی بەسەر کۆی سیاسەتی ئەمریکیدا هاتووە، دۆناڵد ترەمپ چۆن بە تویتە سەیرەکانی لەگەڵ دۆست و دوژمن قسە دەکات، مایك پۆمپیۆش بە هەمان شێوە، بەڵام بە زمانێکی دیپلۆماتیی بەرز پەیامی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاراستەی دەوڵەتانی دۆست و نەیار دەکات. هەر بۆ نموونە کاتێك پەیامی خۆی ئاراستەی ئێران دەکات و مەرجەکانی



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای پێ رادەگەیەنێت، بە هەمان زمانیش لەگەڵ تورکیا و سعودیە ( کە بە حیساب دوو هاوپەیمانی دێرینی ئەمریکان) قسە دەکات.

ئەم هاودەنگییەی پۆمپیۆ لەگەڵ قسە و تویتەکانی ترەمپ، ئاماژەیەکن بۆ یەك پەیام، ئەو پەیامەش ئەوەیە کە چیدیکە ئەمریکا لە بازنەی سیستمە کۆنەکەی جیهان ئەوەی پێ دەگوترا (سیستمی نوێی جیهان) سەیری جیهان ناکات و بایەخی جیۆپۆلتیکی ناوچەکانی جیهانیش بە سیستمە کۆنەکە پێوانە ناکات، بەڵکو دەبێت کۆی دەوڵەتانی جیهان لەسەر ئەو ریتمە رابێن کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەیەوێت وەك سیستمێکی تازە بۆ هەموو جیهان وێنای بکەن.

دەوڵەتانی گەورەی هاوشێوەی ئەمریکا و چین و پێشتریش یەکێتی سۆڤیەت، توانای ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی سیستمی جیهانی بن و بۆشیان بچێتەسەر. هەر بۆ نموونە لەوەتەی ئەمریکا سەربەخۆیی وەرگرتووە، هەتا ساڵی ١٩٤٥ ئەندامی هیچ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی نەبووە، وەك: (سیستمی نێودەوڵەتی ڤێنا ١٨١٥-١٩١٥، هەروەها کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٠- ١٩٤٥)، هەروەها لەناو رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا تەنیا لەماوەی ساڵانی ( ١٩٤٥- ١٩٨٩) چوار ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە هاوشانی خۆی زانیوە، لەدوای رووخانی دیواری بەرلینەوە کە ئەوکات یەکێتی سۆڤیەتیش مابوو، ئەمریکا وەك سەرۆکی سیستمی جیهانی رەفتاری دەکردو لە ئابی ١٩٩٠ دوای ئەوەی عێراق کوێتی داگیرکرد، ئەمریکا توانی سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بکات کە یەکێك لە ئەندامەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بوو، ئەمەش یەکەمجار لە مێژووی یەکێتی سۆڤیەتی پێشاندا ئەندامی هاوپەیمانییەك بێت، کە ئەمریکا سەرکردایەتی بکات. هەر بۆیە لە ئێستادا کە ئەمریکا بە کردەیی لەو سیستمە جیهانییەی خۆی سەرکردایەتی دەکرد، هاتۆتە دەرەوە، ئەو سیستمە جیهانییە بێ ئەمریکا هیچ بایەخێکی نابێت، هەروەك چۆن بە هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا، ئەو رێکخراوە گەورە

**پۆمپیۆ کاتێک سەردانی نێچیرڤان بارزانی دەکات و دەزانێت سەرۆکی داهاتووی کوردستانە، باش ئەو راستییەی خوێندۆتەوە کە نەک هەر عێراق و کوردستان، بەڵکو کۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە سەرۆکێکی خاوەن لۆژیک و بەئەزموونی وەک نێچیرڤان بارزانی هەیە**

**ئەمە جاری یەکەم نییە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەمە یەکەمجارە لە ڕێکخستنەوەی کۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ ناوچەیەکی گرنگ و ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە وێستگە گرنگەکانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بێت**

**سەردانەکەی پۆمپیۆ تەنیا بۆ عێراق نەبووە، بەڵکو بۆ هەشت دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست + هەرێمی کوردستان بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە سیاسەتی تازەی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، هەولێر هاوشانی بەغدایە، لە ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکاشدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەولێر هاوشانی هەر هەشت پایتەختەکەی دیکە ڕۆڵ و گرنگیی خۆی لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکادا هەیە**

نێودەوڵەتییە بایەخی جارانی نەما.

ئەوجا ئەگەر لەناو بازنەی ئەو سیاسەتە تازەیەی دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ سەردانەکەی مایك پۆمپیۆ بۆ هەولێر بکەین و دیدارەکانی لەگەڵ مسعود بارزانی وەك ڕابەری نەتەوەیەك و نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیرانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنن، ئەوا ڕاشکاوانە ئەو ڕاستیە دەخوێننەوە کە سەردانەکەی پۆمپیۆ تەنیا بۆ عێراق نەبووە، بەڵکو بۆ هەشت دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست + هەرێمی کوردستان بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە سیاسەتی تازەی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، هەولێر هاوشانی بەغدایە، لە ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکاشدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەولێر هاوشانی هەر هەشت پایتەختەکەی دیکە ڕۆڵ و گرنگیی خۆی لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکادا هەیە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئەم ڕۆڵ و گرنگییەی هەولێر لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- لە شوباتی ٢٠١٥وە مسعود بارزانی وەك تەنیا ڕێبەری بێ دەوڵەت بانگهێشتی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دەکرێت و ساڵی پاریش لە بری بەڕێزیان نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەشداری کرد، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بانگهێشتکردنی فەرمیی مسعود بارزانی بۆ ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییە کە ئەرکی پاراستنی سیستمی جیهانییە، بۆچی؟ ئایا کوردستان کە دەوڵەت نەبێت، چ پەیوەندیەکی بە پاراستنی سیستمی جیهانییەوە هەیە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو بڕیارەی مسعود بارزانی دەیداتەوە کە لە ئابی ٢٠١٤ کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و بە هەمان ورەی ساڵی ١٩٦٢ چووەوە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، پێش ئەوەی مسعود بارزانی ئەم بڕیارە بدات و سەرۆکایەتی بەجێبێڵێت و ببێتەوە بە پێشمەرگە، هەموو جیهان لە ئاستی هێرشەکانی داعش دەستەوەستان بوون و بیرمەندانی سەربازی بیریان لە سوپای ڕۆبۆت دەکردەوە کە بتوانێت لە ڕووی داعشدا بوەستێت، بەڵام کە بارزانی ئەفسانەی داعشی تێکشکاند، نەك هەر شکۆی کوردستانی گەیاندە ئاستی دەوڵەتانی جیهان، بەڵکو جیهانی ناچار کرد کە بەدوای نهێنیی قارەمانیەتی پێشمەرگەدا بگەڕێن، بۆیە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لە پەنێڵی (سوپای ئایندە) لە کۆربەندی داڤۆس، باڵیۆز شنایدەر سەرۆکی کۆنفڕانسی میونشن ڕایگەیاند، ئەمساڵ بە شەخسی و بەفەرمی مسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە میوشن بانگهێشت کراوە، بۆ ئەوەی باسی سوپای ئایندەمان بۆ بکات، کە مەبەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. بۆیە کاتێك مایك پۆمپیۆ دێتە کوردستان و سەردانی مسعود بارزانی دەکات، باش دەزانێت بارزانی بە هاوشێوەی دیگۆل لە کە ١٩٤٦- ١٩٥٨ هیچ پلە و پۆستێکی دەوڵەتی نەبوو، بەڵام هەر ناسنامەی فەرەنسا بوو، ئەوا بارزانی لە کوردستانیش ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتیشی نەبێت، هەر ناسنامەی ئەو کوردستانەیە کە لەسەر دەستی ئەو جیهان ناچار بوو وەك بەشێك لە سیستمی جیهان سەیری بکات.

٢- شێوازی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی زۆر دەمێکە نەك هەر سەرنجی سەرۆك دەوڵەتان و دیپلۆماتکارانی ڕاکێشاوە، بەڵکو سەرنجی ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەت بە سیاسەتی حوکمڕانیی ڕاکێشاوە، لەوانە ناوەندەکان (زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆن، ئەمریکا فاوەندەیشن بۆ دیموکراتی، سەنتەری واشنتۆن بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامۆژگای برۆکینگز، سەنتەری ڕۆیاڵی پادشایی و چاتام هاوس لە بەریتانیا، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و.. هتد) لەماوەی ساڵانی سەرۆك وەزیرانیی نێچیرڤان بارزانی، هەموو ئەم سەنتەرانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییان لەسەر شێوازی حوکمڕانییەکەی کردووە و زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆنیش دکتۆرای فەخری پێ بەخشیوە کە ئەم خەڵاتە بێجگە لە نێچیرڤان بارزانی هیچ کەسێك پێی نەبەخشراوە، ئەگەر هاووڵاتی ئەمریکا نەبووبێت. بۆیە پۆمپیۆ کاتێك سەردانی نێچیرڤان بارزانی دەکات و دەزانێت سەرۆکی داهاتووی کوردستانە، باش ئەو ڕاستییەی خوێندۆتەوە کە نەك هەر عێراق و کوردستان، بەڵکو کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە سەرۆکێکی خاوەن لۆژیك



و بەئەزموونی وەك نێچیرڤان بارزانی هەیە .

٣- گەورەترین کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەبوونی تەناهی و سەقامگیرییە، بەڵام ئەوەی سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو، داعش تەنیا ٢٠کم لە کوردستانەوە دوور بوو، جووڵەی ئاسایی لەناو شارەکانی کوردستان وەك خۆی وابوو، شەوەکانی کوردستان وەك ڕۆژەکانی وابووە، ئاشکرایە پێش ئەوەی پۆمپیۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەربگرێت، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا بووە و زۆر بە باشی لە وردەکاری و ئەو ئەقڵە ئاگادارە کە لە پشت ئەو سەقامگیری و ئارامییەی کوردستانەوەیە و هەروەها پۆمپیۆ دەزانێت مسرور بارزانی ئەو کەسەیە کە توانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ کۆماندۆی ئەمریکا بە سەرکەوتوویی لەناو خاکی داعشدا ئەنجام بدات، بۆیە ئێستا کە مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی حکومەتی کوردستان دەبێت، ئەوا ئەو حکومەتە سەرۆك وەزیرانێکی دەبێت کە ئەو توانایەی هەیە کاری هاوبەشی زۆر گرنگ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە عێراقیشەوە ئەنجام بدات، کە سەرەنجام بۆ سەقامگیری و گەشەپێدانی کۆی ناوچەکە دەشکێنەوە.

ئەم خوێندنەوەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕاشکاوانە بڵێین: ڕاستە کوردستان تەنیا وڵاتی فرەنەتەوەو ئایین نییە لە ناوچەکەدا، بەڵکو بەشی زۆری وڵاتانی ناوچەکە فرەنەتەوە و فرەئایینن، بەڵام ئەو جیاوازییەی هەولێری لە پایتەختەکانی دیکەی ناوچەکە جیاکردۆتەوە و کردوویەتی بە پایتەختێکی گرنگ بۆ تەواوی ناوچەکە و جیهانیش، ئەوەیە لە هەولێرەوە لۆژیکی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی هەڵدەقوڵێت، ئەم لۆژیکەش پێشمەرگەی بەرهەمهێناوە کە بەرگری لە مانەوەی ئەو فرەییە دەکات، بەڵام لە پایتەختەکانی دیکە لۆژیکی پێکەوەژیان و لێبوردەیی هێشتا بوونی نییە.

**پۆمپیۆ دەزانێت مسرور بارزانی ئەو کەسەیە کە توانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ کۆماندۆی ئەمریکا بە سەرکەتوویی لەناو خاکی داعشدا ئەنجام بدات، بۆیە ئێستا کە مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی حکومەتی کوردستان دەبێت، ئەوا ئەو حکومەتە سەرۆک وەزیرانێکی دەبێت کە ئەو توانایەی هەیە کاری هاوبەشی زۆر گرنگ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بە عێراقیشەوە ئەنجام بدات**

# دیموکراسی و گەشەکردنی ئابووری


ولاَتانی هەژار لە هەموو جیهاندا لە کۆششی ئەوەدان کە ئەمانیش وەك ولاَتانی پێشکەوتوو بگەنە ئاستی داهاتێکی بەرز بۆ هاوولاَتیانیان لەو ڕێگەیەشەوە خزمەتگوزارییەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە بە ئاستێکی بەرز دابین بکەن. بۆ ئەمەش بەرزکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنان لە ئابووریدا بە سەنگی مەحەك دەزانن. بەلاَم بەداخەوە هەموو ئەو ولاَتانە نەدارن، بۆیە ئەو مەبەستەیان لە کاتی دیاریکراودا، یا بە کاتێکی کورت پێ ناپێکرێ. هەرچەندە شومپیتەر (Schumpeter) دەڵێت: «ولاَتانی هەژار باشیی (Advantage) کاتیان لە پشتە بۆ گەشەکردن، چونکە ئەمان دەتوانن لە ئەزمونی ولاَتانی پێشکەوتووەوە فێربن و ئەو ماوەیەی پێویستە بۆ گەشەکردن کورت بکەنەوە...» بەلاَم ئەزموونی حەفتا ساڵەی ڕابردوو ئەوە پیشان دەدات کە ئەو خۆشبینییە بە دەم خۆشە، بەلاَم بە کردەوە کارێکی زۆر گران و پڕ لە ئاستەنگ بووە. لە کاتێکدا زۆربەی ولاَتانی هەژار لە کۆڵۆنیالیزم ڕزگاریان بووە، پرۆسە و خێرایی گەشەکردنیان زۆر ناهاوسەنگ و نایەکسان بووە. هەندێکیان وەك کۆریای باشوور و سینگەپورە و تایوان و هۆنگ کۆنگ و بەرازیل پێشکەوتن، بەلاَم زۆربەی زۆریان هێشتا هەر تەقەلا دەکەن و لە هەژاریدا چەقیان بەستووە. زانایانی بواری ئابووری و سیاسی زۆر لەم کێشەیە ورد بوونەتەوە و لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر کردووە. زۆربەیان هاتوونەتە سەر ئەو دەرئەنجامەی کە شێوازی حوکمڕانی کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردن و تەنانەت خێرایی پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری هەیە. وا دەردەکەوێت ئەو ولاَتانەی کە گەشەیان نەکردووە، شێوازی حوکمڕانییان یارمەتیدەر نەبووە بۆ گەشەکردنی ئابووری. بۆیە ئەم کێشەیە زۆر پێویستی بە شیکردنەوەی ورد هەیە.

**لە شێوازی دیموکراسیدا چاوەڕوان دەکرێت دابەشکردنی داهات دادپەروەرانە بێت. واتە نایەکسانی لە داهاتدا کەمتر بێت، لە چاو ڕێژەی نایەکسانی لە ولاَتێکدا کە سیستەمی دیکتاتۆری تێیدا بەرپایە**

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە: چ شێوازێکی حوکمڕانی هاندەرە و چ شێوازێك بەربەست و ئاستەنگی بۆ گەشەکردنی ئابووری دروست دەکات؟ بە واتایەکی دی، ئایا حکومەتی دیموکراسی، یا دیکتاتۆرییە کە باشتر یارمەتیی پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری دەدات؟ بە شێوەیەکی دیکەش ئایا دیموکراسی پێشمەرجە بۆ گەشەکردنی ئابووری، یا بەبێ بوونی دیموکراسی لە ولاَتدا دەتوانرێ گەشەکردنی ئابووری دەستەبەر بکرێت؟

## • پێناسەی دیموکراسی

بێگومان تەنیا هەبوونی پەرلەمان و پرۆسەی دەنگدان، مانای دیموکراسی ناگەیەنێت. شومپیتەر (١٩٤٢) پێناسەی دیموکراسی بەوە دەکات کە دیموکراسی ‹ڕێکخستنێکی دامودەزگاییە بۆ گەیشتن بە بڕیاری سیاسی کە تێیدا تاك توانا بە دەست دەهێنێت لە ڕێگەی تێکۆشانی بەربەرەکانێ بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی›، واتە تاك ئازادە لە خۆکاندیدکردن بۆ پەرلەمان و دەنگدان بە هەر کەسێك خۆی بە شیاوی نوێنەرایەتی خۆی بزانێت. بێگومان



## پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێویست دەکات لێرەدا جیاوازی بکرێ لە نێوان پرۆسەی دەنگدان و ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ئێران و ئەفگانستان و رووسیا و کوردستان و وڵاتانی ئەوروپادا دەکرێت. هەرچەندە لێرەدا بوار نییە جیاوازییەکانی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا شی بکەینەوە، بەڵام داڵ (Dahl, 1971) ئەو پێناسەیەی شومپیتەر زیاتر ورد دەکاتەوە کە ئەم حەوت پێوەرانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

- دەسەڵات بە سەر بڕیارەکاندا بەپێی دەستوور خراوەتە دەست ئەو کەسانەوە کە بە فەرمی هەڵبژێردراون.
- هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و ئازادانەی ناو بەناو.
- مافی هەڵبژاردن بۆ هەموو کەسێك هەبێت بە بێ جیاوازیی رەگەز.
- مافی خۆکاندیدکردن بۆ پۆست و پلەکانی دەوڵەتی بۆ هەموو کەس.
- ئازادیی رادەربڕین.
- دەرگای وەرگرتنی زانیاری بۆ هەموو کەسێك واڵا بێت، نەك لەلایەن حکومەت و یەك دەستەوە قۆرخ کرابێت.
- مافی خۆڕێکخستن. واتە ئازادیی بەشداریکردن لە پارت و رێکخراو و گرووپی جیاوازدا.

بەداخەوە ئەگەر ئەو پێوەرانەی سەرەوە بەکاربهێنین، دەردەکەوێت زۆر لەو وڵاتانەی کە بە دیموکراسی دەژمێردرێن، دیموکراسی نین. لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە پەیوەندیی گەشەکردنی ئابوورییە بە شێوازی حوکمڕانییەوە بە شێوەیەکی گشتی، نەك بە واتا کوتومتەکەی. بۆیە بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە دیموکراسی واتای هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادی رادەربڕین و رێکخستنی بیروڕا دەگەیەنێت، ئەمەش لانیکەمی مەرجەکانی بە دیموکراسیبوونە.

### ● دیموکراسی و گەشەکردن

بێگومان حکومەت لە هەموو وڵاتێکدا دەبێتە خاوەنی داهاتێکی دیاریکراو، جا سەرچاوەی داهاتەکان سامانی سرووشتی بێت، یا باج و خەراج لە خەڵك و کۆمپانیا و بازرگانان بێت، هیچ جیاوازییەکیان نییە. لێرەدا دابەشکردن و بەکارهێنانی ئەو داهاتە، هەندێ ئاماژەمان پێ دەدات لە سەر شێوازی حوکمڕانی. لە شێوازی دیموکراسیدا چاوەڕوان دەکرێت دابەشکردنی داهات دادپەروەرانە بێت. واتە نایەکسانی لە داهاتدا کەمتر بێت، لە چاو رێژەی نایەکسانی لە وڵاتێکدا کە سیستەمی دیکتاتۆری تێیدا بەرپایە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەی سەرەوەی دیموکراسی. بەپێی ئەو پێناسەیە، خەڵك دەسەڵاتی بە سەر بڕیاردەردا هەیە، یا بە واتایەکی دیکە، چونکە دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ و ئازادانە هەڵبژێردراوە، دەبێت نوێنەرایەتیی خواستەکانی خەڵك بکات. بۆ ئەمەش کە دەگاتە دابەشکردنی داهات لە شێوازی حوکمڕانیی دیموکراسیدا پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان دیموکراسی و باشتر دابەشکردنی داهاتەکانی حکومەت. ئەمەش

**لە سیستەمی دیکتاتۆریدا زۆر جار بەرژەوەندیی توێژ و دەستە زاڵ دەبن و سامانی گشتی بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بەکار دەهێنن**

بەرزکردنەوەی مووچە و دامەزراندن لە دەزگاکانی دەوڵەت و بڕینەوەی مووچە بۆ بێکاران و پیر و پەککەوتە و کەمئەندام ...هتد دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا پێشبینی دەکرێت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش باشبوونی بەرچاویان پێوە دیار بێت و هەموو هاووڵاتیان وەك یەك لەو خزمەتگوزارییانە بەهرەمەند بن. بەگشتی بەرزبوونەوەو باشبوونی ئەو پێوەرانەی کە UNDP ناوی لێناون ‹پێوەرەکانی گەشەکردنی مرۆیی›. (Human Development Index). بە شێوەیەکی گشتی چاوەڕوان دەکرێت سیستەمی دیموکراسی داهاتی تاکەکەس بەرزکاتەوە، لە ئەنجامیشدا درێژیی تەمەن لە وڵاتدا بەرزبکاتەوە. بەپێچەوانەوە، سیستەمی دیکتاتۆری سەربەخۆیانە کاردەکات و گوێ ناداتە نارەزاییەکانی خەڵك، چونکە خەڵك ناتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. بۆیە ئەگەری ئەوە زۆرە کە دابەشکردنی داهات بەپێی خواستی زۆربەی خەڵك نەبێت و رێژەی تەمەن و خوێندەواری و پێوەرەکانی دیکە نزمتر بن لە چاو وڵاتانی دیموکراسیدا.

لێرەدا مشتومڕ لە سەر ئەوەیە: ئایا ئەو شێوازی دابەشکرنەی داهات دەبێتە مایەی گەشەکردنی ئابووری، یان نا؟! سایمۆن کوزنێت (Simon Kuznets) ئابووریناسی ئەمریکی بە رەچەڵەك رووسی باس لەوە دەکات کە لە وڵاتانی هەژاردا لە قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی ئابووریدا نایەکسانیی داهات لە پێشدا خراپ دەبێت و دوای ئەوە باش دەبێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گەشکردنی ئابووریی وڵاتانی هەژار دەبێت پشتبەستن بە کشتوکاڵ بگوازنەوە بۆ قۆناغی پەرەپێدانی پیشەسازی و کەرتی خزمەتگوزاری. لێرەشدا ئەم گواستنەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییە تێچووی خۆی هەیە. سەرەڕای تێچووی راگواستنەوەی گوندنشینان بۆ شار، دامەزراندنی ژێرخانی پیشەسازی خۆی لە خۆیدا پێویستی بە سەرمایەی زۆر هەیە. جا لێرەدا حکومەت تەنیا دەتوانێت یەك کاری سەرەکی بکات، ئەویش ئەوەیە، یان ئەو داهاتە کەمەی هەیە بەکاری بهێنێت بۆ گەشەکردنی ئابووری بە هەموو شیوازەکانیەوە، یا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر زۆربەی خەڵکدا دابەشی بکات.

بێگومان هەموو دەزانن کە وڵاتی هەژار خاوەنی داهاتی کەمن، لێرەدا حوکمڕان تیایدا رادەمێنێت، ئەگەر زۆری ئەو داهاتە بە سەر خەڵکدا دابەش بکات، وەك سیستەمی دیموکراسی دەخوازێ، کەمی دەمێنێتەوە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری کە گەشەکردنی ئابووری پێویستی پێیەتی. هەر بۆیە ئەگەر زۆری بۆ گەشەکردنی ئابووری بەکار بهێنێت، ئەوا لە قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی ئابووریدا کەم دەمێنێتەوە بۆ باشکردنی راستەوخۆی باری گوزەرانی زۆربەی خەڵکی و لە ئەنجامدا دابەشکردنی داهات و نایەکسانییەکی زۆری پێوە دیار دەبێت و رێژەی هەژاری رەنگە بەرزدەبێتەوە.

سەرەڕای ئەمانە، لەلایەکی دیکەوە، زۆر لە لایەنگرانی شێوازی حوکمڕانیی دیموکراسی لەو بڕوایەدان دیموکراسی خۆی دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئابووری لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

- **دیموکراسی و پاراستنی مافی خاوەندارێتی:** هەرچەندە زۆر ئابووریناس هەن، وا دەزانن کە پاراستنی مافی خاوەندارێتی لە سایەی رژێمی دیموکراسیدا جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ پاراستنی مافی خاوەندارێتی لەژێر سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆریدا، بەڵام زۆر ئاماژە هەن کە سیستەمی دیموکراسی بە پێچەوانەی دیکتاتۆرییەوە رێگە نادات مافی خاوەندارێتی بە شێوەیەکی زۆر زەق پامال بکرێت. بۆ نموونە زەوتکردنی موڵکی خەڵکی لە سایەی سیستەمی دیکتاتۆریدا زیاتر بەرچاوە وەك لە سیستەمی دیموکراسیدا. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی هاوکێشەی مشتومڕ لایەنگری ئەوەیە کە لە سایەی حوکمڕانییەکی دیموکراسیدا مافی خاوەندارێتی باشتر دەپارێزدرێت و ئەمەش دەبێتە مایەی گەشەکردنی ئابووری.
- **سەربەخۆیی حکومەت و گەشەکردنی ئابووری:** بەپێی پێناسەی دیموکراسی، حکومەت ئۆتۆنۆمی هەیە لە بڕیارداندا و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی پاڵەپەستۆی هیچ توێژ و چینێکی کۆمەڵایەتییەوە. لە سایەی ئەم شێوازی حوکمڕانییەدا، هیچ گروپێك بە تەنیا ناتوانێت هێندە پاڵەپەستۆ بخاتەسەر حکومەت بۆ بەرژەوەندیی خۆی کە لە دژی بەرژەوەندیی گشتی بێت. بەپێچەوانەوە، لە سیستەمی

**سیستەمی دیموکراسی رێگە لە بە زایەبردنی سامانی گشتی و رێگە لە گەندەڵی و تاڵانکردن دەگرێت ئەمەش وا دەکات سەرمایەی زیاتر لە بەردەستدا بێت بۆ گەشەکردنی ئابووری**

**لە سایەی سیستەمی دیموکراسیدا، دیموکراسیخوازەکان (چ تاک بن، یا رێکخراو) هەموو کەس و قەوارەی فێربوونن. هەموو لایەنگری ئازادی راوبۆچوون و بەدواچوون و توێژینەوەو بە دەستهێنانی زانستن**

**مارکس کە بڕوای بە بەقۆناغکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەبوو، لەو بڕوایەدا بوو، کە هەر قۆناغێکی گەشکردن شێوازی حوکمڕانیی خۆی دەرەخسێنێت**

دیکتاتۆریدا زۆر جار بەرژەوەندیی توێژ و دەستە زاڵ دەبن و سامانی گشتی بۆ خۆدەوڵەمەندکردنی خۆیان بەکار دەهێنن. بۆ نموونە سوپا و خێڵ و حیزبێکی دیاریکراو و تەنانەت شارێك یا ناوچەیەکی دیاریکراو. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە سیستەمی دیموکراسی ڕێگە لە بە زایەبردنی سامانی گشتی و گەندەڵی و تاڵانکردن دەگرێت و ئەمەش وا دەکات سەرمایەی زیاتر لە بەردەستدا بێت بۆ گەشەکردنی ئابووری.

بەداخەوە مەرج نییە ئەم تیۆریە هەموو کات ڕاست بێت. ئەزموونی وڵاتانی گەشەکردووی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەوە نیشان دەدەن کە دەشێت سیستەمی دیکتاتۆریش ڕێگە نەدات بە پاڵەپەستۆی دەستەیەك، یا چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ دابەشکردنی داهات. ئەمەش وا دەکات حکومەت بتوانێت کەڵەکەکردنی سەرمایە بەکاربهێنێت بۆ گەشەکردنی ئابووری.

بەرانبەر بەمە، دیموکراسیخوازەکان دەڵێن: چون هیچ گەرەنتییەك نییە کە وڵاتی دیکتاتۆری لە چەشنی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بێت، دیموکراسی هەموو کات لە ڕژێمی دیکتاتۆری باشترە. پاڵپشتیش بۆ ئەم بۆچوونە، ئەوەیە زۆربەی زۆری ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ڕژێمی تاڵان و بڕۆی سامانی گشتی بوون. نموونەش ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و وڵاتانی ئەمریکای لاتینین.

● دیموکراسی و ڕێگەگرتن لە حوکمڕانیی تاڵانکەر (Predatory Ruler): بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی دیموکراسی زۆر زیاتر ڕێگە دەگرێت لە تاڵانکردن و بە زایەبردنی سامانی گشتی. لە سایەی سیستەمێکی وادا سیاسەتمەداران، چونکە بەرژەوەندییان لە هەڵبژاردنی خۆیاندا هەیە، ڕێگە دەگرن لە ڕێی تاڵان و بڕۆ و بە زایەبردنی سامانی گشتی. لە هەمان کاتدا، سیاسی و حوکمڕانان لە سیستەمی دیموکراسی لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و وا بە ئاسانی ناتوانن سامانی گشتی بۆ خۆدەوڵەمەندکردن بە کاربهێنن بەو جۆرەی لە سیستەمی دیکتاتۆریدا دەبیندرێت. لێرەدا هەندێ ئابووریناسی دیکە بۆ نموونە (Olson 1993، Bueno del Mesquita et al 2003) دەڵێن: مەرج نییە هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆری تاڵانکەر بێت. بۆ نموونە ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییانەی کە نوێنەرایەتیی بەرەیەکی فراوان دەکەن، ئەگەری ئەوەی هەیە لە تاڵانکردنی سامانی گشتی خۆیان بپارێزن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە رووی سیستەمی لێپرسینەوەو قەوارەی نوێنەرایەتییەوە وا دەردەکەوێت، سیستەمی دیموکراسی زۆر ڕێگرتر بێت لە بەتاڵانبردن و بەزایەدانی سامانی گشتی، بۆیە دەرئەنجام ئەوەیە دیموکراسی زیاتر لایەنگری گەشەکردنی ئابوورییە لە چاو سیستەمی دیکتاتۆری.

● دیموکراسی و گۆڕانی تەکنەلۆجیا: لایەنگرانی دیموکراسی دەڵێن: لە سایەی سیستەمی دیموکراسیدا، دیموکراسیخوازەکان (چ تاك بن، یا ڕێکخراو) هەموو کەس و قەوارەی فێربوونن. هەموو لایەنگری ئازادی ڕاوبۆچوون و بەدواچوون و توێژینەوەو بە دەستهێنانی زانستن. بێگومان پێشکەوتنی زانست کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەسەر ڕێژەی بەرهەمهێنان و لە ئەنجامیشدا گەشەکردنی ئابووری خێراتر دەبێت.

● **دیموکراسی پێش گەشەکردن، یا بەپێچەوانەوە**

هەموو ئەو لێدوانانەی سەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەشێت پێش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری، سیستەمی دیموکراسی دەستەبەر بکرێت. کاتێکیش دیموکراسی دامەزرا، چاوەڕوان دەکرێت گەشەکردنی ئابووری ببێتە بەرنامەی حکومەت. لە رووی تیۆرییەوە ئەم هزرە زۆر ساویلکانە دێتە بەرچاو، بۆیە هەر لە مێژە زۆر لە بیرمەندەکانی بواری کۆمەڵناسی و ئابووری شکی گەورەیان لە پرەنسیپەکانی ئەو هزرە هەبووە. لەم بوارەدا هیچ بیرمەندێك هێندەی کارل مارکس بە ڕوونی ئەم کێشەیەی رون نەکردووەتەوە. مارکس کە بڕوای بە بەقۆناغکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەبوو، لەو بڕوایەدا بوو، کە هەر قۆناغێکی گەشەکردن شێوازی حوکمڕانیی خۆی دەڕەخسێنێت. هەر بۆیە هیچ لۆجیك نییە بیر لە دامەزراندنی حوکمڕانیی دیموکراسی بکرێتەوە لە قۆناغی فیودالیدا. چونکە ناتوانرێت عارەبانەکە بخەیتە پێش ئەسپەکە. بۆیە بەلای ئەوەوە سیستەمی دیموکراسی وەك سیستەمی حوکمڕانی هەر دەبێت لە سایەی ئابوورییەکی سەرمایەداریی هاوچەرخدا دروست ببێت. بە هەمان شێوە گەورە کۆمەڵناسی ئەمریکی مارتین لیپست (Martin Lipset 1922-2006) لە وتارە

سیستەمی دیکتاتۆری، باشتر و خێراتر دەتوانێت بڕیار لە سەر پڕۆژەی گەشەسەندنی ئابووری بدات، چونکە پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

یەکێک لە ئەزمونەکانی کوردستانی خۆمانیش ئەوەمان پێ دەڵێت کە حکومەتی بنکەفراوان حکومەتێکی سەرنەکەوتوو، شل و شێواو دەبێت، چونکە زۆر لە بەرژەوەندییەکانیی گشتی کران بە قوربانیی سازشی سیاسی و حیزبایەتیی بەرتەسک

وڵاتی هیند کە لە ڕۆژی ڕزگاربوونیەوە لە کۆڵینیالیزمی بەریتانی بە وڵاتێکی دیموکراسی ناسراوە، بەڵام لە چاو وڵاتی چیندا کە بە دیکتاتۆری ناسراوە، گەشەکردنی ئابووری زۆر نزمتر بووە

**لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٩٠ ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی ئابووریی هیند تەنیا ١.٩٪ بووە، بەڵام ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی ئابووریی چین ٥.٦٪ بووە بۆ هەمان ماوە**

**بۆ ئەوەی وڵاتێکی دواکەوتوو گەشەی ئابووری بکات، دەبێت حکومەتەکەی خەسڵەتەکانی گەشەکردنی هەبێت و گەشەکردنی ئابووری بکات بە پلانی خۆی و زۆر سیاسەتی دیکەی کۆمەڵایەتی بە قوربانی ئەو پلانە بکات**

بەناوبانگەکەی (١٩٥٩) «هەندێ پێشمەرجی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسی» جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گەشەکردنی دیموکراسی پابەندە بە کۆمەڵێك پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە کە لە وڵاتە گەشەنەکردووەکاندا زۆر کەمە. بۆیە گریمانەی ئەوەی سیستەمی دیموکراسی لە وڵاتی گەشەنەکردوودا دروست دەبێت و ئەوجا ئەم سیستەمە گەشەکردنی ئابووری دەستەبەر دەکات، نالۆجیکانەیە. نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی دیموکراسی تێیاندا جێگیرە، ئەو وڵاتانەن کە گەشەکردنی ئابوورییان زووتر کردووە، وەك وڵاتە ئەورووپییەکان. هیچ جێگەی سەرسوڕمانیش نییە کە دیکتاتۆری لە وڵاتانی هەژاردا زۆرن و تەنانەت درێژخایەنن.

پشتگیری بۆ ئەو ڕاوبۆچوونانەی سەرەوە لە دوای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و گەشەکردنی هەندێ وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زۆر زیاتر بوو. زۆر لە ئابووری و کۆمەڵناسان لەو بڕوایەدان کە سیستەمی دیکتاتۆری ئەم لەبارییانەی خوارەوەی هەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری:

● چونکە سیستەمی دیکتاتۆری دابەشکردنی دادپەروەرانەی لا مەبەست نییە، بۆیە بە ئاسانتر دەتوانێت سەرمایە کەڵەکە بکات و بەکاری بهێنێت بۆ مەبەستی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە حکومەت لەژێر گوشاری هیچ توێژ و چینێکی کۆمەڵایەتیدا نییە و خۆی بە سەربەخۆ دادەنێت. وەك لە پێشدا ئاماژەی پێکرا، هەموو کۆمەڵگەیەك کەم تا زۆر دەتوانێ هەندێ زێدە بەها، یا پاشەکەوتی هەبێت. جا حوکمڕان سەرپشك دەبێت لە دابەشکردنی ئەو زیادەبەهایە، یا بەکارهێنانی بۆ مەبەستی دیکە. یەکێك لەو مەبەستانە گەشکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ئەوە نیشان دەدات کە ئەو زێدەبەهایە کە لە زۆر جێگەی جیهاندا بە مەبەستی جیاواز بەکارهێنراون. بۆ نموونە لە کاتی فیرعەونەکانی میسردا بۆ دروستکردنی هەرەمی زەبەلاح و ناشتنی فیرعەون و دارو دەستەکانیان بەکارهێنراوە. لە کاتی ڕۆمانەکانیشدا بۆ کۆشك و تەلار و پەیکەرتاشی و هونەر بەکارهێنراوە، لە هەمانکاتدا، شوێنەوارەکانی کەمبۆدیا و چین ئەزتێکەکانی ئەمریکای لاتینی ئەوە پیشاندەدەن کە تەنیا لە وڵاتانێکدا شارستانیەت دروست بووە کە دەستبەسەرداگرتن و بەکارهێنانی ئەو زێدەبەهایە کەوتووەتە دەست دەسەڵاتی سیاسییەوە، بە واتە حکومەتی ناوەندیی ئەو ناوچانە.

● سیستەمی دیکتاتۆری، باشتر و خێراتر دەتوانێت بڕیار لە سەر پرۆژەی گەشەسەندنی ئابووری بدات، چونکە پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

● لە سایەی سیستەمی دیکتاتۆریدا پرۆژەکانی ژێرخان و گەشەکردنی ئابووری باشتر و خێراتر جێبەجێ دەکرێن، چونکە حکومەت دەسەڵاتی بەسەر خەڵکدا زیاتر دەڕوات و زۆر جاریش دەتوانێت بە زۆرەملێ کار بە خەڵك بکات و خەڵکیش توانای ملپێچی فەرمانەکانی حکومەتیان کەمترە.

● چونکە حکومەت لە سایەی سیستەمی دیکتاتۆریدا هەست بە ئۆتۆنۆمی لە بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات، باشتر دەتوانێت پلانی کورت و درێژخایەن بۆ گەشەکردنی ئابووری دابنێت. مێژوو ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمی پلاندان لە دوای ‹شۆڕشی› ئۆکتۆبەری ڕووسیاوە بوو بە باو، تەنانەت کە کۆریای باشوور زۆر دژی کۆمۆنیزم بوو، سەرکەوتووانە سیستەمی پلاندانانیان بەکارهێنا. هەمووش دەزانین کە لە هەردوو وڵاتدا پلاندان تێچوویەکی مرۆیی زۆر گەورەیان هەبوو.

هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هەتا بنکە کۆمەڵایەتییەکەی حکومەت تەسکتر بێت، هێندە دەستی ئازادتر دەبێت لە بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکانی وڵات. یەکێك لە ئەزمونەکانی کوردستانی خۆمانیش ئەوەمان پێ دەڵێت کە حکومەتی بنکە فراوان حکومەتێکی سەرنەکەوتوو، شل و شێواو دەبێت، چونکە زۆر لە بەرژەوەندییەکانیی گشتی کران بە قوربانیی سازشی سیاسی و حیزبایەتیی بەرتەسك.

لێرەدا پێویستە جارێکی دیکە پەنا بەرینەوە بۆ ئەزموونە مێژووییەکانی جیهان. هەرچەندە ئەو خاڵانەی سەرەوە لە قازانجی هەردوو سیستەمی

دژبەیەك بەهێزی و لاوازیی خۆیان هەیە، بەڵام مێژوو ئەوە نیشاندەدات کە زۆربەی وڵاتانی هەژار کە گیرۆدەی ناگەشەکردن و چەقبەستن بوون، سیستەمی حوکمڕانەکانیان زیاتر دیکتاتۆری بووە. لە هەمان کاتدا، وڵاتانی بەناو دیموکراسییش مەرج نییە گەشەیان کردبێت. بۆ نموونە وڵاتی هیند کە لە ڕۆژی ڕزگاربوونییەوە لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بە وڵاتێکی دیموکراسی ناسراوە، بەڵام لە چاو وڵاتی چیندا کە بە دیکتاتۆری ناسراوە، گەشەکردنی ئابووری زۆر نزمتر بووە. بۆ زانیاری لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٩٠ ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی ئابووریی هیند تەنیا ١.٩٪ بووە، بەڵام ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی ئابووریی چین ٥.٦٪ بووە بۆ هەمان ماوە.

بۆیە لە هەمان کاتدا کە زۆر وڵاتی دیکتاتۆری حکومەتی گەشەکەریان نەبووە، زۆر وڵاتی بەناو دیموکراسییش گەشەیان نەکردووە. خشتەی خوارەوە ئەوە نیشاندەدا کە لە سەرجەمی ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی گەشەکردنی ئابووری لە هەفتا ساڵی ڕابردوودا تەنیا چوار وڵاتی سیستەم دیموکراسی گەشەکردنی ئابووریی بەرچاوی بووەو بە سەرکەوتوو دادەنرێن، لەوانەش سیانیان، بۆتسوانە و مۆریشەس و سینگاپورە کە زۆر وڵاتی بچووکن و بەراورد ناکرێن بە وڵاتانی وەك چین و ڤێتنام. بۆیە ئەگەر باسی سەرکەوتوویی ئابووری بکەین، وڵاتانی سیستەم دیکتاتۆری وەك وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەشەکردنی بێ وێنەیان کردووە.

- دیموکراسی گەشەکەر: بۆتسوانە، مۆریشەس، سینگاپورە، مالیزیا.
- دیموکراسی ناگەشەکەر: جامەیکا، گامبیا، کۆستەریکا.
- نادیموکراسی گەشەکەر: کۆریا، تایوان، تایلەند، چین، ئەندەنوسیا، ڤێتنام.
- نادیموکراسی گەشەنەکەر: وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و وزۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی.

**• دەرئەنجام**

هەرچەندە زۆر لە ئابووریناسانی لایەنگری دیموکراسی باس لەوە دەکەن کە نابێت دیموکراسی بکرێت بە قوربانیی گەشەکردنی ئابووری، بڕوانە ئادەم پرزیۆرسکی (Adam Przeworsky، 2000). بەڵام مێژووی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی دواکەوتوو لە نیو سەدەی ڕابردوودا پشتیوانی هەزری سیستەمی دیکتاتۆری و بەدەسەڵات دەکەن بۆ گەشەکردنی ئابووری. ئەو چەند وڵاتە دیموکراسییانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە کە توانیویانە گەشەکردنێکی بەرچاویان هەبێ، ئاستەمە بە پێوەر وەربگیرێن.

لە هەردوو باردا، پێویستە ئەوە بخەینەڕوو کە ئەو فاکتەرە گرنگەی کە دیاریکەر بووە بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونی حکومەتی گەشەکەرە. بە واتا، سەرباری ئەوەی سیستەمی حوکمڕانی هەر چۆنێك بێت بۆ ئەوەی وڵاتێکی دواکەوتوو گەشەی ئابووری بکات، دەبێت حکومەتەکەی خەسڵەتەکانی گەشەکردنی هەبێت و گەشەکردنی ئابووری بکات بە پلانی خۆی و زۆر سیاسەتی دیکەی کۆمەڵایەتی بە قوربانی ئەو پلانە بکات. بۆ ئەوەش دەبێت حکومەت بە دەسەڵات بێت و بتوانێت یاسا جێبەجێ بکات و کاریگەرانە ئابووری بەڕێوەببات. هەرچەندە لە وتاری دیکەدا خەسڵەتەکانی حکومەتی گەشەکەرمان شیکردووەتەوە، لێرەدا هێندە بەسە کە بڵێین کە حکومەتی گەشەکەر ئۆتۆنۆمی خۆی لە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی چین و توێژێکی دیاریکراو دەپارێزی و ناترسێت لەوەی دەستوەربدات لە هەموو بوارێکی ئابووری. بۆیە بوێرانە پێشڕەوی دامەزراندنی ژێرخانی پیشەسازی دەکات و خۆی بە پێشەنگی گەشەکردنی زانست و تەکنەلۆجیا دەزانێت. لە هەمان کاتدا بەرپرسیارانە پلانی کورت و مامناوەندی خایەن دادەنێت بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی مرۆیی و داراییان بۆ دەرخسێنێت. بە کورتی، حکومەتی پاسیف و شل و شێواو تەنیا دەبێتە مایەی شکستخواردنی ئابووری و پێچکەی گەشەکردنیش هێندە خاو دەکاتەوە کە تێچووی کۆمەڵایەتی ناگەشەکردنی لە تێچووی حکومەتێکی دیکتاتۆری گەشەکەر زۆر زۆر زیاتر دەبێت.

**حکومەتی پاسیف و شل و شێواو تەنیا دەبێتە مایەی شکستخواردنی ئابووری و پێچکەی گەشەکردنیش هێندە خاو دەکاتەوە کە تێچووی کۆمەڵایەتی ناگەشەکردنی لە تێچووی حکومەتێکی دیکتاتۆری گەشەکەر زۆر زۆر زیاتر دەبێت**

**مێژوو ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمی پلاندان لە دوای (شۆڕشی) ئۆکتۆبەری ڕووسیاوە بوو بە باو، تەنانەت کە کۆریای باشوور زۆر دژی کۆمۆنیزم بوو، سەرکەوتووانە سیستەمی پلاندانانیان بەکارهێنا. هەمووش دەزانین کە لە هەردوو وڵاتدا پلاندان تێچوویەکی مرۆیی زۆر گەورەیان هەبوو**


# تەنیا حکومەتی یاساپارێز و بەهێز چارەسەری گرفتەکانە

**هێزگەلێکی نارەسەن و نامۆ بە هزری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی کلکیان لە گەڵ کلکی نەیارانی کورد گرێ دا و ٥٠٪ی خاکی کوردستانی باشووریان دۆڕاند و خستیانەوە بن دەستی نەیارانی گەلەکەمان، ئەوەش بۆ خۆی زیانی هەرە مەزن و گورزێکی گورچکبڕ بوو وەبەر جەستەی حکومەتی هەرێم و دۆزی کوردایەتی بەگشتی کەوت**

دەرەنجامی سەدەیەك بەرخۆدانی نەتەوەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان - بە هەموو بەشەکانیەوە -حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاکە قەوارەی سیاسییە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناخۆی عێراقدا دانپێدانانی فەرمی هەبێت و جێگەی بایەخ بێت، ئەوەش بۆ خۆی دەستکەوتێکی هەرە گرنگ و زۆر دڵخۆشکەرە،؛ چونکە دەبێت هەردەم ئەوەمان لەبیر بێت کە خوشك و براکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە سەرەڕای خەباتی زۆر و قوربانیی فرەیان هێشتا هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆیان دەستگیر نەبووە، بۆیە پاراستنی حکومەتی هەرێم و ئەم دەستکەوتە مەزنە بۆ خۆی ئەرکێکی گەورەیە و دیسانەوە پێویستی بە جۆرێك لە خەبات و بەرخۆدان هەیە، سەرەڕای ئەوەش حکومەتی خۆماڵی لە ماوەی تەمەنیدا لە بوارگەلێکی گرنگی وەکو تەنایی و ئاسایش و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و پەروەردەو خوێندنی باڵاو ڕێگەوبان چەندین بواری دی- ئەگەر وەکو پێویستیش نەبووبن - هەنگاوی بەرچاوی هاویشتووە، کە لەچاو بەشە عەربیەکەی عێراق و هەندێك وڵاتی دراوسێی هاوشێوەی سووریا گەلێك بەباشتر دەنرخێندرێت.

لەلایەکی تریشەوە دیارە ئەم حکومەتە لە ماوەی تەمەنی ٢٧ ساڵەیدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بۆتەوە، بەشێکی ئەو گرفتانەش دەستی دەرەکی و نەیارانی کوردی لە پشتەوە بووەو بەشێکیشان هۆکارەکانی تەنیا خۆمان بووین کە دەگەڕێنەوە بۆ: هۆکارگەلی گەندەڵی و قۆرخکاریی کەسانێکی باڵادەست و بیری تەسکی حیزبایەتیی هەندێك لایەنی دەستڕۆیشتووی ناو حکومەت و بێ ئەزموونی لە حوکمڕانی و زاڵبوونی ویستی تاکەسی و نەبوونی سیستەمی حوکمڕانیی ڕوون لە رووی یاسای دەستوورییەوە .

ئەمانە و چەندین وردەهۆکاری تریش لەماوەی ٢٧ ساڵی ڕابردوودا گرفتی زۆر مەزنیان بۆ بەرەوپێشچوونی فرەی حوکمڕانیی هەرێم دروست کردبوو، لەوانە: مانەوەی تارمایی دووئیداری و دروستنەبوونی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆیی تۆکمە و یەکگرتوو تا دەگاتە ناکاملیی سیستەمێکی یاسایی تۆکمە



**د. عمر ڕەنگینەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

و سەروەر و چەندین گرفتی دی، کە ئەمانە بەسەر یەکەوە بوونەتە بارێکی گران بە سەر حکومەتەوە و تا رادەیەکی زۆریش فرچکی لە حکومەتەکەمان بڕیوە، دواجاریش کار گەیشتە ئەوەی هێزگەلێکی نارەسەن و نامۆ بە هزری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی کلکیان لەگەڵ کلکی نەیارانی کورد گرێ دا و ٥٠٪ی خاکی کوردستانی باشووریان دۆڕاند و خستیانەوە بن دەستی نەیارانی گەلەکەمان، ئەوەش بۆ خۆی زیانی هەرە مەزن و گورزێکی گورچکبڕ بوو وەبەر جەستەی حکومەتی هەرێم و دۆزی کوردایەتی بەگشتی کەوت.

لێرەوە کرۆکیی باسەکە ئەوەیە: چۆن دەتوانین کۆسپ و گرفتەکان رامالین و حکومەتێکی بەهێز دروست بکەین؟ روونە کە حکومەتی هەرێم لە ئێستاو پێشتریش هەردەم نەیارەکانی لە بۆسەدان بۆ ئەوەی دەستی زیاتری لێ بوەشێنن و زیانی گورچکبڕی پتری پێ بگەیەنن. بۆیە پێویستە حکومەتی ئایندە حکومەتێکی بەهێزو کارامە، یان بەهێزترو کارامەتر بێت، تاوەکو بتوانێت دەست لەسەر برینەکان دابنێت و کەلێن و درزەکانی نێو حکومڕانیی خۆماڵی دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە .

دیارە حکومەتی بەهێزو کارامە، زێدەتر بە دوو شت دێتەدی ئەوانیش: بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی بەهێزی حوکمڕانی و داڕشتنی دەستوورێکی پێشکەوتوو بۆ وڵات، لەگەڵ دانانی یاسای بەپێزی پڕ بەپێستی رێکخستنی کۆمەڵگەی کوردەوای، بە مەرجێك ئەو سیستەم و دەستوور و یاسا و رێسایانە بەر لە هەموو کەس حکومەت بۆ خۆی بە باشی بیانپارێزێت و بەرگری سەرسەختانەیان لێ بکات، بەو واتایەی لە یەکەم هەنگاوەکانیدا هێزەکانی پێشمەرگەو ئەولەکاری و تەنایی کوردستان بکاتە یەك هێزی تۆکمە و یەکگرتوو، هاوکاتیش بە شێوازی نوێی هونەری پەروەردەی جەستەیی و دەروونی و هزری نەتەوەخوازیی ئەو هێزانە پەروەردە بکرین، کە تەنیا سەر بە حکومەتی کوردستان بن. واتە: بەجۆرێك تەنیا و تەنیا فەرمان لە وەزرات و دەزگا فەرمی و تایبەتمەندەکانی حکومەت وەربگرن، تا ئەو رادەیەی چیتر ئەو هێزانە مافی حیزب و

**پێویستە حکومەتی ئایندە حکومەتێکی بەهێزو کارامە، یان بەهێزترو کارامەتر بێت، تاوەکو بتوانێت دەست لەسەر برینەکان دابنێت و کەلێن و درزەکانی نێو حکومڕانیی خۆماڵی دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە**

هیچ کەسیان بە سەرەوە نەمێنێت.

جارێکی دی، حکومەتی بەهێز ئەو حکومەتەیە لە ڕووی یاسایی و ماف و ئەرکەوە بە یەك چاو سەیری هاووڵاتیانی خۆی بکات و بەرگری لە مافەکانیان بکات و ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکات، حکومەتی بەهێز ئەوەیە متمانەی تەواو ببەخشێتە هاووڵاتیانی خۆی کە حکومەتەکە پارێزەری مافەکان و خاك و خەڵکە و هەموو ئەرك و ماندووبوونێك و کارو تێکۆشانێکی لە پێناوی پێشخستنی وڵات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و تەناییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

بۆیە پاش ٢٧ ساڵ حوکمڕانیی خۆماڵی دەبێت ئەزموونی باشمان لە لایەنی باش و خراپی رابردووی حوکمڕانیمان وەرگرتبێت، ئیتر ناکرێت چیتر بەو شێوازە کلاسیکییەی پێشوو لە حوکمڕانی بەردەوام بین و ناشکرێت حیزبەکان هەریەکەو هێزی میلیشیایی سەربەخۆی هەبێت و لە کاتی تەنگەتاوبوونیاندا پێشێلی هەموو یاسا و ڕێساکان بکەن، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان و وەکو جاران ئەو هێزانە بخەنە گەڕ دژی خەڵك و حکومەت. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی ئایندەمان حکومەتێك بێت کە تارمایی دووئیدارەیی و گەندەڵی و قۆرخکاری دەست بەسەردا گرتنی داهات و سەرچاوەکانی داهات لە لایەن حیزب و کەسانی میلیشیاگەرو دەستڕۆیشتووی سەر بە ئەم هێز و ئەو هێزی ناوخۆ و دەرەکی بڕەوێنێتەوە و لە گوڕی بنێت . کاتی ئەوە هاتووە حکومەتەکەمان چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەو ناوەوەی خۆی دابڕێژێت و ڕێگە نەدات سەرانی حیزب و دەستڕۆیشتووان و سەرمایەدارانی نانیشتمانی بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندیی گوماناوی لەگەڵ ئەو هێزو ئەو هێزی دەرەکی و ناوەکیی کرێگرتە و نەیار گرێ بدەن. دەبێت بە دەستوور و یاسا و ڕێسای نیشتمانی لە پێناوی تاك و کۆی هاووڵاتیان و سەربەخۆیی خەڵك و خاکی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتی یەك بە یەکی خەڵکی کوردستان پرۆگرام و هەڵسوکەوتی حیزب و کەسایەتییەکانی دەستڕۆیشتوو لە قاڵب بدرێن، تاوەکو چیدی نەتواترێت ڕەنجی دەیان ساڵەو خوێنی شەهیدانمان لەلایەن حیزب و کەسانی قۆرخکارەوە بەفیڕۆ بدرێت.

لە ئێستادا خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی حکومەتێك دەکەن کە حکومەتی خۆیان بێت و خەمەکانی لە پێناو هەمووانـدا بێت، ئەوەش بێگومان بەوە دەبێت کە دەستوورو یاساو ڕێساکان ئایندەی میللەتەکەمان بەرەوپێشچوونی کوردستان بە خاك و خەڵکەوە لە پێش چاو بگرێت و هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی سیاسی وئابووری و زانستی و جیڤاکی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبون بێت .

هاوکات هەمیشە دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەم حکومەتەی خۆمان ڕاستە حکومەتی هاووڵاتیانی باشووری کوردستانە؛ لە ڕووی یاسایی و سیاسی و خۆجییەوە ئێمە لێی بەرپرسین، بەڵام نابێت هەرگیز ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە هەردەم خوشك و برایانمان لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چاوی خۆشەویستی و ئومێدیان بڕیوەتە حکومەتەکەی ئێمەو وەکو سەرمەشقێکی زیندە لێی دەڕوانن، بۆیە هەر هەڵەیەکی کوشندەی حوکمڕانیی ئێمە بە زیانی هەر تاکێکی کورد دەکەوێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە نیشتەجی بێت، پێچەوانەکەشی هەر تەواو ڕاستە، هەر سەرکەوتنێکی بەرچاوی ئێمە بۆ ئەوان زیاتر ئومێدبەخشە و بەرزتر دەینرخێنن، ئەوە لە کاتێکدا هەمیشە مافی ئەوانیش وەکو هەر تاکێکی نەتەوەیی بەسەر ئەم حکومەتەی ئێمەوە هەیە، چونکە هەردەم شۆڕشەکانی کورد لە هەموو کات و ساتەکاندا لە هەر پارچەیەکی کوردستان بووبێت، دانی بە سنوورە دەستکردەکاندا نەناوە و هەمووان پێکڤە شان بە شانی یەکدی پشتیوانی یەکتر بوون و بەشداریی جووڵە و بەرخۆدانەکان بوون لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی تێکڕای میللەتەکەماندا لە سەرفرازی و ئازادی سەربەخۆیی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە: بەدەمەوە چوونی ڕەوانشاد بارزانیی نەمر و یاوەرەکانیەتی بۆ کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان و بەدەمەوەچونی ڕەوانشاد سمکۆی قارەمان بۆ حکومەتی شێخ مەحمودی ڕەحمەتی لە باشوور و چەندین نمونەی دی.

**کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی ئایندەمان حکومەتێک بێت کە تارمایی دووئیدارەیی و گەندەڵی و قۆرخکاری دەست بەسەردا گرتنی داهات و سەرچاوەکانی داهات لە لایەن حیزب و کەسانی میلیشیاگەرو دەستڕۆیشتووی سەر بە ئەم هێز و ئەو هێزی ناوخۆ و دەرەکی بڕەوێنێتەوە و لە گوڕی بنێت**

**نابێت هەرگیز ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە هەردەم خوشک و برایانمان لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چاوی خۆشەویستی و ئومێدیان بڕیوەتە حکومەتەکەی ئێمەو وەکو سەرمەشقێکی زیندە لێی دەڕوانن**

**خوشک و براکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە سەرەڕای خەباتی زۆر و قوربانیی فرەیان هێشتا هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆیان دەستگیر نەبووە، بۆیە پاراستنی حکومەتی هەرێم و ئەم دەستکەوتە مەزنە بۆ خۆی ئەرکێکی گەورەیە و دیسانەوە پێویستی بە جۆرێک لە خەبات و بەرخۆدان هەیە**



پڕۆفیسۆر د.محەمەد شەعبان بۆ گوڵان:

# سیاسەتی سەرکەوتووی ئابووری پێویستی بە دیدگایەکی روون و ئاشکرا هەیە

**لە جیهانی ئەمڕۆدا سیاسەتی ئابووریی حکومەت و ئابووریی بازاڕ بە پایە گرنگەکانی حوکمڕانی دادەنرێت، هەر بۆیە ئەرکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە و چاکسازییەکانی دابین بکات و میکانیزمێکیش بۆ ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت بدۆزێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی پەیوەندیدار دیدارێکمان لەگەڵ ئابووریناس پرۆفیسۆر د.محەمەد شەعبان ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**پێویستە بایەخێکی زۆر بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند بدرێت لە میانەی دەرکردنی یاسای نەوت و گاز**

*** لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین بڵێین ئابووریی بازاڕ بە ڕاددەیەکی زۆر جێگەی سیاسەتی گرتۆتەوەو ئەوەی تەحەکوم بە حکومڕانییەوە دەکات، سیاسەتی ئابووریی حکومەت و ئابووریی بازاڕە، وەك هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا کەموکورتیمان چییە و ئایا دەبێت سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك ڕێکبخرێتەوە؟**

- پێش داڕشتنی هەر سیاسەتێکی سەرکەوتوو بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت بیر لە گەرەنتیی سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بکەینەوە، بۆیە لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە بوونی هەیە؟ دیارە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە چەند خاڵ لەخۆ دەگرێت. یەکەم: دەبێت حکومەتی داهاتووی کوردستان دیدگایەکی ڕوونی ئابووری هەبێت و هەروەها دەبێت ئەم دیدگایە زۆر بە وردی دابڕێژدرێت و دەبێت ڕەچاوی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بکات کە هەرێم تێیدا دەژی، هەورەها پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند و دەوڵەتانی ناوچەکە و بارودۆخی ئابووری و سیاسیی جیهان لەبەرچاو بگرێت دووەم: لە کاتی داڕشتنەوەی ئەم دیدگایەدا دەبێت ڕەچاوی ئەو بارودۆخە وەرچەرخانە بکەین لە پەیڕەوکردنی سەنترالیەتی بەهێز هەیە، کە عێراق بە شێوەیەکی گشتی و کوردستان بەتایبەتی پێش ٢٠٠٣ تێیدا ژیاوە و ئەو میراتەشی کە ماوەتەوە بۆ دوای ٢٠٠٣، لە ڕووی دامەزراوەکان و هزر و پرەنسیپ و یاساکان و بوونی کەرتێکی گشتی زۆر گەورە لە بارودۆخێکی خراپی ئابووری کە بەو جۆرە بێکاریی ڕووپۆشکراو و بەرهەمی نزم بۆتە بارێکی زۆر گران بە سەر بودجەوە. سێیەم: دەبێت ئەو دیدگایە ڕەچاوی پێداویستیی ئەو قۆناخە ڕاگوزەرە بکات لە دەستبەرداربوون لە سەنترالیەتێکی توند و بونیادنانی ئابوورییەکی ئازاد، ئەمەش دەبێت بەو جۆرە بێت کە کەمترین زیانی هەبێت و گەورەترین دەسکەوتنی مومکینی هەبێت. چوارەم: دەبێت ئەم دیدگایە وەك یەکەی پێکەوە گرێدراو سەیری ئابووریی کوردستان بکات، ئاراستەی سیاسی حزبەکان کاریگەریی لەسەر نەبێت. پێنجەم: باشترە پێش ئەمە کۆتایی بە داڕشتنی دەستووری هەرێم بهێنرێت، لەبەر ئەوەی دەستوور دایکی یاساکانە و ئەو تا ڕاددەیەکی دوور ڕەهەندەکانی ئەم دیدگایە دیاری دەکات. هەروەها گرنگ و پێویستە بنەمای سیستمێکی ئابوورەی سەربەخۆ لە چوارچێوەی مەرجەکانی سیستمی فیدراڵیی عێراقدا بونیاد بنرێت، بۆ ئەمەش حکومەت دەبێت کاری گەورە لەگەڵ ناوەند بکات، بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها دامەزراوەکانی ئەم سیستمە هەر لە سەرۆکایەتییەوە تا دەگاتە بچووکترین یەکە بونیاد بنرێت، لەگەڵ ڕەتکردنەوە و پەرەپێدانی یاساکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بڕیاری ئابووری زۆر بە وردی لەسەر ئاستە جیاوازەکان و لە چوارچێوەی هەیکەلێکی دامەزراوەیی بەبێ بوونی هاودژی و دەستێوەردان و یان تەمومژ لەم بوارەدا. هەروەها کارکردن لە بارودۆخی ئێستا بۆ جێبەجێکردنی هەر سیاسەتێکی ئابووری پەیوەستە بە سیاسەتی ئابووری ناوەندەوە، بەتایبەتیش لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دارایی و نەختیی باش لە بەر ئەوەی گەوهەری هەر سیاسەتێکی ئابووری سەرکەوتووە.

**پێویستە بنەمای سیستمێکی ئابوورەی سەربەخۆ لە چوارچێوەی مەرجەکانی سیستمی فیدراڵیی عێراقدا بونیاد بنرێت، بۆ ئەمەش حکومەت دەبێت کاری گەورە لەگەڵ ناوەند بکات**

*** کێشـەیەکی دیکـەی حکومڕانـی لـە ئێسـتای جیهانـدا، بریتییـە لـە تێکچوونـی هاوسـەنگیی نێـوان کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت، زۆر لـە ئابووریناسـان باسـی ئـەوە دەکـەن هاوسـەنگیی نێوان کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت، هاوسـەنگیی سـەقامگیری کارگێـڕی و ئابووریـی حکومـەت ڕێکدەخات، لە ئێستای کوردستاندا هاوسەنگییەکە زۆر لاسـەنگ بووە، ئایا میکانیزمی ڕێکخستنەوەی کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت چـۆن دەبێـت؟**

- دوای کۆتاییهاتـن لـە دارشـتنەوەی دیـدگا ئابوورییەکـە، ڕەهەندەکانـی سیاسـەتی ئابـووری بـە شـێوەیەکی گشـتی و سیاسـەتی بەڕێوەبردنـی هـەردوو کەرتـی گشـتی و تایبـەت دەردەکـەون، سـەرەنجامیش بـە بۆچوونـی سـادەی مـن هـەر کەرتێـك لـە ڕەهەنـدی ڕۆڵـی ئابـووری خـۆی بـۆ چۆنیەتـی گەمەکردنـی و کـێ دەبێتـە فەرمانـدەی جێبەجێکـردن تێـدەگات، لـە پرسـیاری پێشـوودا باسـی گرنگبوونـی قۆناخێکـی وەرچەرخانـم کـرد، ئەو قۆناخە دەبێتە چوارچێوەیـەك بـۆ دروسـتکردنی ژینگەیەکـی گونجـاو بـۆ کاری هـەردوو کەرتەکـە و کـێ لـە داهاتـوو سـەرکردایەتی دەکات و ئامانجە دیارکراوەکانـی هـەر دوو کەرتەکـە و...هتـد، سـەرەنجامیش ڕەهەندەکانـی هەماهەنگـی لـە نێـوان ئەو دوو کەرتە و کاریگەرییان لەسەر ئابووری دیاری دەکرێـت، بـە بۆچوونـی مـن هیـچ هاوسـەنگیەك لـە هەڵسـوڕانی نێـوان هـەردوو کەرتەکـە (گشـتی و تایبەت) لە هیچ سیستمێکی ئابووریدا نییە، بەڵام گرنگـە هـاودژی لـە ئامێـر و ئامانجـی هـەردوولا بـۆ خۆشـگوزەرانیی ئابـووری نەبێـت، بەڵکـو لـە ئامانجەکانـدا هـەر کەرتێك تـەواوکاری ئـەوی دیکـە بێـت، یـان کاریگەریـی لەسـەر هاوسـەنگیی سیاسـی و کارگێـڕی دەبێـت، بۆیـە دەبێـت پێشـوازی لـەوە بکەیـن کـە نەشـتەرگەرییەکی قەیسـەری بـە ئـازار ئەنجـام بدەیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن سـەرکەوتوویی لـە ڕێوشـوێنەکانی ئـەو وەرچەرخانـە بکەیـن، وەك بـە تایبەتکـردن، هەروەهـا ئـەو فاکتەرانـەی دەبنـە هـۆی بێـکاری و بتوانیـن ڕێگـری لـە قۆرخکـردن و پاراسـتنی مافـی بەکارهێنـەران بکەیـن، هەروەهـا دەبێت هەمـوو لایەنـەکان هـاوکار بـن، لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئامانجـە دەرهاویشـتەی سیاسـی و ئابـووری دەبێـت، بۆیـە دەبێـت هەمـوو لایـەك ئامادەباشـی ئەوەیـان تێـدا بێـت کـە قوربانـی بـە بەرژەوەندیـی تەسـکی حزبایەتـی خۆیـان بـدەن لـە پێنـاوی بەرژەوەندیـی گشـتیدا.

*** ماوەیەکـی زۆرە باسـی پەرەپێدانـی بـەردەوام و وەبەرهێنـان لەکوردسـتاندا دەکرێـت، بـەڵام وەك دەبینیـن وەبەرهێنـان بەشـی هـەرە زۆری لـە کەرتـی نیشتەجێبووندایە و بوارەکانـی دیکـە وەك کشتوکاڵ، پیشەسـازی، پـڕۆژەی مامناوەندیـی بچـووك، پەرەپێـدان و وەبەرهێنانـی تێـدا نەکـراوە، ئایا بەبـێ ئـەم بوارانـە پەرەپێدانـی بـەردەوام بوونـی دەبێـت؟**

- بـە بـەراورد بـە یاسـاکانی وەبەرهێنـان لـە ناوچەکـەدا، ئێمـە یاسـایەکی پێشـکەوتوومان هەیـە و ئەمـەش سـەرنجی هەمـوو لایـەك بـە تایبەتـی وەبەرهێنـەران ڕادەکێشـێت، بـەڵام هەڵەکـە لـە جێبەجێکردنـی یاسـاکەدایە، بـە جۆرێـك یاسـاکەیان لـە ڕاسـتەڕێی خـۆی بـە لاڕێـدا بـردووە، هـەر بـۆ نموونـە لـە بـواری نیشـتەجێکردن لـە هەرێمـدا پێداویسـتییەکی زۆرمـان هەبـووە، ئەمـەش بۆتـە هانـدەر بـۆ بەرپرسـان لەکاتـی جێبەجێکردنـی یاسـاکەدا ئاسـانکارییەکی زۆریـان بـۆ وەبەرهێنـەران کـردووە (لـە ناویانـدا پێدانـی زەوی بـە خۆڕایـی) ئەمـەش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بەبێ بوونی سـەقفێکی زەمەنـی بـۆ ئـەم ئاسانکارییانە، ئەمـەش وایکردووە ئێستا ئەم کەرتە تەنگژەی خستنەڕووی هەیە کە پێشتر تەنگژەی داواکاریی هەبوو، ئەمە سـەرباری ئـەوەی گەندەڵیەکـی گـەورەی کارگێـڕی لـە بـواری وەبەرهێنـان لـە کەرتەکانـی دیکـە هـەن، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کـە لـە کەرتـی نیشـتەجێکردن گەندەڵـی نییـە، بـەڵام ئـەو داهاتـە گەورەیـەی کـە مەزنـدە دەکـرا بەدەسـت بێـت، کەمتـرە هەتـا ئـەو ئاسـتەی وەبەرهێنـەران هەسـتاون بـە ئیحتواکردنـی گەنـدەڵ و گەندەڵـکاران، ئەمـە لـە کاتێکـدا بەهـۆی سـنوورداریی دەسـتکەوت و نەبوونـی گەرەنتـی، ئەمـە بۆتـە ئاسـتەنگێك کـە وەڵامـی داواکاریـی گەندەڵکاران لـە فەرمانگاکانـی حکومـەت نەدرێتـەوە، یـان بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی وەبەرهێنـان لەبـواری دیکـەدا نەکرێـت، بۆیـە لێـرەدا مـن پێشـنیاری ئـەوە بۆ حکومەتی داهاتـوو دەکەم کـە ئاسـانکاریی بـۆ کۆمەڵێـك پـڕۆژە بکرێـت بـۆ ئـەوەی کەرتـی تایبـەت جێبەجـێ بـکات، و کار لەسـەر چارەسـەرکردنی کۆمەڵێـك کێشـەی ئابـووری لەسـەر مـاوەی کـورت و مامناوەنـدی بـکات، بـەڵام بـە مەرجێـك سـنوورێك بـۆ گەندەڵیـی دارایـی و

هیچ هاوسەنگیەک لە هەڵسوڕانی نێوان هەردوو کەرتەکە (گشتی و تایبەت) لە هیچ سیستمێکی ئابووریدا نییە، بەڵام گرنگە هاودژی لە ئامێر و ئامانجی هەردوولا بۆ خۆشگوزەرانیی ئابووری نەبێت، بەڵکو لە ئامانجەکاندا هەر کەرتێک تەواوکاری ئەوی دیکە بێت

بە بەراورد بە یاساکانی وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، ئێمە یاسایەکی پێشکەوتوومان هەیە و ئەمەش سەرنجی هەموو لایەک بە تایبەتی وەبەرهێنەران ڕادەکێشێت

زۆر گرنگە بە جددی بیر لە جێبەجێکردنی بەنداوی بێخمە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە بە چارەسەری کێشە پێشبینیکراو و پێشبینینەکراوەکانیش دادەنرێت

**هیچ ڕووناکییەک لە کۆتایی تونێلەکە نابینم، ئەگەر هەندێک لایەنی دیاریکراو لە پێکهێنانی حکومەتدا پێداگری لەسەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بکات و هەوڵبدات پێکهێنانی کابینەی داهاتوو دوابخرێت**

**کاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە هەرێمدا شکستخواردوو نییە، بەڵکو میتۆد و جددییەتی سوودوەرگرتن لە دەرهاویشتەکانی کاری توێژینەوە بۆ ئاسەتەنگ لە بەردەم سوود لێوەرگرتنی دەگەڕێتەوە**

کارگێڕی لە هەموو جومگەکانی حکومەت دابنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم پڕۆژانە جێبەجێ بکرێن، لەوانە: پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزە بە هەموو جۆرە کانیەوە. پڕۆژەکانی پاڵاوتنی نەوتی خاو. پڕۆژەکانی دروستکردنی های وەی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمدا. پڕۆژەی هێڵی ئاسنین. پڕۆژەکانی فڕۆکەخانەی لۆکاڵ بەپێی پێداویستی راستەقینە. پڕۆژەکانی پشتگیری و گەرەنتی لە ئاسایشی خۆراك بە پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆیی. بایەخدانێکی شارستانی و پێشکەوتوو بە پڕۆژەکانی کەرتی گەشتیاری. پڕۆژەی بەنداوەکان زۆر گرنگە بە جددی بیر لە جێبەجێکردنی بەنداوی بێخمە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە بە چارەسەری کێشە پێشبینیکراو و پێشبینینەکراوەکانیش دادەنرێت. ئەوەی گرنگە وەك تێبینی و سەرنجی لەسەر بێت، ئەوەیە کە دەبێت جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانە لە لایەن کەرتی تایبەت و گشتی و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بە سوودوەرگرتن لە قەرز و بەخشینە نێودەوڵەتییانە بێت لەبەر ئەوەی بەشێکیان فیدراڵین.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەمدا راشکاوانە هەستی بەوەکرد کە پێویستی بە یاسایەکی چاکسازیی بنەڕەتیی کارگێڕی هەیە، ئەمەش بەو مانای حکومەتی کوردستان دەبێت حکومەتێکی بچووك و ئەکتیڤ بێت، ئایا تاچەند ژینگەی سیاسیی کوردستان رێگرە بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکسازییە کارگێڕییە بنەڕەتییە؟**

- تەنگژە سیاسییە ناوخۆییەکان لە هەرێمدا سێبەرێکی رەشی لەسەر ئەم پرسە دروست کردووە و بۆتە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ دروستکردنی چەندین کێشە لە ئێستا و لە داهاتووشدا، یەکێك لەو پرسانەی بە میراتی لە حکومەتە یەك لەدوایەکەکان بۆمان ماوەتەوە، فەرمانبەرێکی زۆرە بە ژمارە و ئاستی نزمی بەرهەم لە هەمان کاتدا، ئەمەش بارێکی قورسی خستۆتە سەر شانی حکومەتی هەرێم و ئەم بارەش زۆر بە راشکاوی لە کاتی تەنگژەی ئابووری دەرکەوت و هەتا ئێستاش، تەنگژە حزبییەکانیش گرنگترین هۆکاری ئەم حاڵەتە بووە و ئەم تەنگژەیە دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لە ئەدای کابینەی داهاتووشدا، بۆیە دەبێت یەکەمجار لەسەر میکانیزمێکی دیاریکراو و سەقفێکی زەمەنی دیاریکراو رێکبکەوین بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم تەنگژەیە، چاکسازی دەبێت سەرتاسەری بێت و یەکگرتنەوەی بۆچوونەکانە لەسەر هەموو پرسەکانی گەندەڵی و کەمکردنەوەی بندیوارو چاککردنی ئابووری و وەرچەرخانی خێرا بەرەو حکومەتی ئەلیکترۆنی و لە هەمووشیان گرنگترە بەرژەوەندیی حزبی و تاکەکەسی بخرێتە دوای هەموو شتێکەوە. من هیچ رووناکییەك لە کۆتایی تونێلەکە نابینم، ئەگەر هەندێك لایەنی دیاریکراو لە پێکهێنانی حکومەتدا پێداگری لەسەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بکات و هەوڵبدات پێکهێنانی کابینەی داهاتوو دوابخرێت، هەر بۆ نموونە لەسەر ئەم حاڵەتە، حکومەتی دامەزراوەکان دەبێت ئامانجی هەموومان بێت.

*** زۆر باس لە پەیداکردنی سەرچاوەی زیاتر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەمەش بە زۆری پشتی بە کەرتی تایبەت بەستووە، بەڵام وەك دەبینین لە زۆر بواردا کەرتی تایبەت خۆی بووە بە بار بەسەر حکومەتەوە، ئایا چۆن کەرتی تایبەت بەو ئاستە ئەکتیڤ دەکرێتەوە کە ببێتە سەرچاوەی داهات و هەلی کار بۆ هاووڵاتیان؟**

- پێدانی رۆڵێکی گونجاو بە کەرتی تایبەت کلیلە بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشە و هەروەها سووککردنی باری سەرشانی دارایی حکومەت، بەمەش دەستی حکومەت دەکرێتەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی چەندی و چۆنی بەتایبەتی لەو بوارانەی کە کەرتی تایبەت ناچێتە ناویەوە، هەروەها دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئابووری لەبەر ئەوەی کەرتی ئابووری بەپێی هێزی بازاڕی ئازاد کاردەکات، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئازادییەکەی لێ تێکنەدرێت، دەبێتە باشترین ئامێر بۆ وەبەرهێنانێکی نموونەیی و سەرچاوەی دیکە دابین دەکات و ئاراستەی ئەو کەرتانەی دەکات کە زیاتر بەرهەمهێنن، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی زیاتر لەلایەك و زیادکردنی سەرچاوەی داهاتی بەرهەمهاتووی تازە بۆ ئابووریی هەرێم، لەمەشدا رۆڵی روون و ئاشکرا بوو لە کاتی ئەو تەنگژە ئابوورییەی ئەم

دوای کە حکومەت توانی پشتی پێ ببەستێت، سەرەنجامیش بووە هۆکارێك بۆ مانەوەی حکومەت و بەردوامبوونی لە رۆڵی خۆی لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کەرتە رۆڵی نیشتمانیی خۆی بگێڕێت، ئەوا دەبێت بە دەرکردنی چەندین یاسا کارەکانی رێکبخرێت و ئاستەنگەکانی بەردەمی لاببرێت، وەك یاساکانی پارێزگاری کڕیار و رێگرتن لە قۆرخکاری، هاندانی بانکەکان لە پرۆسەی دابینکردنی ئاسانکاریی گونجاو و فراوانکردنی قەرزەکان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و پارێزگاریکردن لە سەرچاوە نیشتمانییە دەگمەنەکان.

*** بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەی ئابووری بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ئابووریی کوردستان سنووردارو کەمە، جاری واهەیە هەست دەکرێت ئەم کارە تەنیا کاری حکومەتە و ئابووریناسەکانی کوردستان نەیانتوانیوە ئەم پرسە لەناو رای گشتیدا رەنگدانەوەی پێ بدەن، یان شێوازێکی ئابووریی کوردستانی و خۆماڵی لە هەموو بوارەکاندا دابڕێژنەوە، ئایا کەموکورتی ئەم بوارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کاری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە هەرێمدا شکستخواردوو نییە، بەڵکو میتۆد و جددییەتی سوودوەرگرتن لە دەرهاویشتەکانی کاری توێژینەوە بۆ ئاستەنگ لە بەردەم سوود لێوەرگرتنی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار کە بریتین لە:

١- لاوازیی پەیوەندیی زانکۆکانی هەرێم لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات.

* نەبوونی هاوکاریی دامودەزگا حکوومییەکان لەگەڵ زانکۆکان، هەروەها خۆی لەو لێکۆڵینەوانە بێ ئاگا دەکات، کە ناوەندەکانی توێژینەوەی زانکۆیی دەیکەن، لەمەش زیاتر هاوکاری توێژەران ناکات بە پێدانی داتا و زانیاری بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەی سوودی لێ وەربگرێت. هەروەها زۆربەی زانکۆکان ناوەندێکیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە نییە بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵقەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا. بۆیە دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاوبگێڕێتەوە بە دابینکردنی رێوشوێنی پێویست و پشتگیری توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی بەڵگەدار بکات، کە رەنگدانەوەی ناو و ناونیشانی کارەکەی بێت.

*** ئایا هیچ پێشنیارێك یان بۆچوونێکی تایبەتتان بۆ کابینەی داهاتوو هەیە؟**

- پێموایە ئەمە پرسیارێکی باش بوو، خۆشحاڵم کە لە رێگەی گوڵانەوە ئەم پێشنیارانە بخەمە بەردەمی سەرۆك وەزیرانی کابینەی داهاتوو:

یەکەم: پێویستە بایەخێکی گرنگ بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند بدرێت لە میانەی دەرکردنی یاسای نەوت و گاز.

دووەم: کۆتاییهێنان بە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠.

سێیەم: دانانی پلانێکی هاوبەش بۆ پڕۆژە فیدراڵییەکان.

چوارەم: پێداویستیی دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە زۆر بە راشکاوی دەسەڵاتەکانی نێوان هەرێم و ناوەند و لایەنە ئیقلیمییەکان دیاری دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای رێزی هاوبەش و بونیادنانی پەیوەندی ئابووریی پتەو و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەلی کوردستان دارێژدرابێت.

پێنجەم: گرنگە دووبارە بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند بونیادنی سیستمی دارایی و نەختی بکرێتەوە، لەگەڵ گەرەتنیی ئەوەی دامەزراوە نەختی و داراییەکان شێوەیەکی فیدراڵی وەربگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ هەرێم هەیە، وەکو ئەو پەیوەندییە نابێت کە پارێزگاکان لەگەڵ ناوەند هەیانە. ئەمەش کەسایەتی مەعنەوی و دارایی داهاتووی هەرێم دەپارێزێت.

شەشەم: گرنگە بە راشکاوی رێبەرایەتی ئابووریی هەرێم و ئاستەکانی دیاری بکرێت.

حەوتەم: دەستێوەردان لە نێوان دەسەڵاتی کارگێڕی و دەسەڵاتی حزبەکان کۆتایی پێ بهێندرێت.

هەشتەم: دانانی سنوورێك بۆ دوو دەسەڵاتی کارگێڕی لە نیوان هەولێر و سلێمانیدا.

نۆیەم: گرنگە بەردەوامی هەبێت لە بونیادنانی هێزێکی بەرگریی زۆر بەهێزدا، واتە دامودەزگای ئاسایشی پێشکەوتووی شارستانی ببێتە سەرچاوەی دڵنیایی و ئاشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە هەرێمدا و دەبێت لەهەموو کوردستاندا یەکگرتوو بێت.

**گرنگە بەردەوامی هەبێت لە بونیادنانی هێزێکی بەرگریی زۆر بەهێزدا، واتە دامودەزگای ئاسایشی پێشکەوتووی شارستانی ببێتە سەرچاوەی دڵنیایی و ئاشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە هەرێمدا و دەبێت لەهەموو کوردستاندا یەکگرتوو بێت**

**دەبێت پێشوازی لەوە بکەین کە نەشتەرگەرییەکی قەیسەری بە ئازار ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتوویی لە رێوشوێنەکانی ئەو وەرچەرخانە بکەین، وەک بە تایبەتکردن، هەروەها ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی بێکاری و بتوانین رێگری لە قۆرخکردن و پاراستنی مافی بەکارهێنەران بکەین**

# کاتێک قوتابی لەبارەی مامۆستاکەیەوە دەنووسێت

## فۆکۆیاما لەبارەی مامۆستاکەی، هنتنگتن، دەنووسێت بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر بیردۆزەکەی لەبارەی پێکدادانی شارستانییەتیەکانەوە

**«لە یەکێك لەو گفتوگۆیانەی بەشداریم کرد تێدا لەبارەی (هنتنگتن)ـەوە لە دوای کۆچی دواییەوە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨دا، ئەوەی سەرنجدرا ئەوە بوو کە زۆرێك لە قوتابییەکانی گوزارشتیان لە خۆشەویستی و ڕێزی خۆیان کرد بۆی، ئیدی وەك کەسایەتییەك بێت، یان وەك زانایەك، بەڵام دواتر گوزارشتیان کرد لە ناکۆکبوونیان لەگەڵ هەندێ لە بیرۆکە دیاریکراوەکانی کە گەلاڵەی کردبوون. من یەکێك بووم لەوان. بە چەشنی زۆرێك لە تیۆرسیتە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان لە ڕابردوودا، بەشداریکردنی ئەو لەوەدا نییە کە ئەو لە هەموو شتێکدا ڕاست و درووست بوو. لەبری ئەوە، مەزنیی ئەو لەوەدایە کە تێڕوانینی گەورەی لە بوارێکی بەربڵاودا گەلاڵە کردووە، ئەو چەمکانەی ئەو دایڕشتن دواتر بوونە ڕێگایەك کە بە هۆیەوە خەڵکی بیریان دەکردەوە و گفتوگۆیان دەکرد. ئەمە بۆ بیردۆزی پێکدادانی شارستانییەتیەکان ڕاست بوو، هەروەك ئەوەی لە زۆرێك لە نووسینە زۆر و زەوەندەکانیشدا ڕاستە.»**

**فرانسیس فۆکۆیاما**

لە توێژینەوەیەکی گرنگدا کە بیریاری ئەمریکی (فرانسیس فۆکۆیاما) لە گۆڤارێکی ئەمریکی مەحکەمدا-The American Interest- بڵاوی کردەوە بە ناوی

THE CLASH AT 25: Huntington’s Legacy

### ● پێکدادان لە ساڵی ٢٥ەمیدا: میراتی هنتنگتن


بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر خستنەڕووی (تیۆری پێکدادانی شارستانییەتیەکان) لەلایەن مامۆستاکەیەوە، بیریار (ساموێل هنتنگتن). لەم توێژینەوەیەدا (فۆکۆیاما) بە ئەخلاقیەتێکی بەرزەوە مامەڵە دەکات، کاتێك بە ڕێز و ئەدەبەوە قسە لەبارەی بیریارێکەوە دەکات کە لەسەر دەستی ئەو فێربووە.

(فۆکۆیاما) توێژینەوەکەی خۆی دەستپێدەکات بە وتنی ئەوەی کە لەوەتەی (هنتنگتن) بیردۆزەکەی خۆی خستەڕوو لەبارەی پێکدادانی شارستانییەتیەکانەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی (واتە فۆکۆیاما) لە تیۆرەکەی خۆیدا باسی دەکات لە بارەی کۆتایی مێژوو لە ژمارەیەکی زۆر موحازەراتی سەرەتایی لە بارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەوا هەردووکیان ناکۆك بوون بە یەك و لەم ڕێیەوە (فۆکۆیاما) دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی خوارەوە

«پێدەچێت لەم ساتەوەختەدا هنتنگتن براوە بێت»

At the moment، it looks like Huntington is winning.

(فۆکۆیاما) دەست بە دەستنیشانکردنی دیاردەیەکی مەترسیدار دەکات کە ڕووبەڕووی دیموکراسیی لیبراڵی دەبێتەوە کە ئەمەی خوارەوە دەنووسێت:




«لە ئێستادا جیهان لە دەوری حکوومەتێکی لیبراڵ دیموکراسی کۆ نەبۆتەوە، هەروەك ئەوەی ئەمە حاڵەتەکە بوو لە نەوەیەك و زیاتردا. شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی کە (هنتنگتن) سەرنجی داوە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە بۆ ناوەڕاست دەیەی یەکەمی ٢٠٠٠ پێشڕەوی کرد، لە ٣٥ دەوڵەتەوە کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرا، بووە ١١٥ دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٨دا. لەو کاتەوە شەپۆلەکە پێچەوانە بۆتەوە کە وەك توێژەر (لاری دایموند) بە داکشانی دیموکراسی "A democratic recession" وەسفی دەکات» و دەڵێت:

« ژمارەی دیموکراسییەکان نەك هەر تەنیا کەم بۆتەوە، بەڵکو گۆڕانکاریی چۆنایەتیی گرنگ روویانداوە. هێزە خۆسەپێنەکان Authoritarian Powers وەك رووسیا و چین پەرەیان بە متمانەبەخۆبوونی خۆیان بە دەستدرێژییەکانیان داوە..»

لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەدا، دیموکراسییەتی لیبراڵی زۆرێك لە سەرنجراکێشی خۆی لەدەست داوە و ئەویش دوای ئەو قەیرانە داراییەی کە دوچاری ئەمریکا و ناوچەی یۆرۆ بۆوە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا. ئەم دیاردەیە لەم سنوورەدا رانەوەستا، بەڵکو بەدەست قەیرانێکەوە دەناڵێنێت کە پەیوەستە بە دەرکەوتنی پۆپۆلیزمەوە (Populist) کە بۆتە هەڕەشە لەسەرستوونی بنەڕەتیی سیستمە سیاسییەکانی.

سەدەی بیست بەدەست دابەشبوونی ئایدیۆلۆژییەوە دەیناڵاند (تیڕوانینە چەپڕەوەکان و پێچەوانەکەی تیڕوانینە راستڕەوەکان) کە پەیوەست بوو بە هێزی رێژەیی سەرمایە و کارەوە، بەڵام ئێستا دۆخەکە جیاوازە و پێدەچێت ئەوەی سەرەتای سەدەی بیست و یەك جیا بکاتەوە، بریتییە لە بوونی بوارێکی سیاسی کە پرسەکانی پەیوەندیدار بە ناسنامەی تێدا دەورووژێنرێت Identity Issues کە زۆربەیان پەیوەست دەکرێتەوە بە کەلتوورەوە Culture زیاتر لەوەی دیاری بکرێن لە پەیوەندی بە ئابوورییەوە Economic. ئەم ئاڵوگۆڕە، بە گوێرەی (فۆکۆیاما)، لە بەرژەوەندیی دیموکراسیەتی لیبراڵی نییە Liberal Democracy. بەڵکو بە ناکارایی Dysfunctional لەو ئایدیۆلۆژیەتەدا دادەنرێت و نموونەی هەرە گرنگی ئەم ناکاراییە ئەوەیە کە ئێستا لە ئەمریکا روودەدات. کە «دەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ بۆتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر دامەزراوەکانی چاودێری و هاوسەنگی Check and balance لە ئەمریکا.» (فۆکۆیاما) ئەم دیاردەیە ناو دەنێت: (دیاردەی نەتەوایەتی پۆلۆلیستی هەڵکشاو).

بە بۆچوونی (فۆکۆیاما) پرۆفیسۆر (هنتنگتن) راست بوو لە داهێنانی چەمکی (پیاوی داڤوس The Davos Man) و تێیدا ئاماژە بە نوخبەیەکی جیهانی دەکات کە پەیوەستیی بەتینی نییە بە نەتەوایەتی، یان بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە. لەبەر ئەوە، و بە بۆچوونی (فۆکۆیاما)، (پیاوی داڤوس) بۆتە ئامانجی تووڕەیی پۆپۆلیستی. کە ئێستا ئەو نوخبەیە بۆتە سەرچاوەی بێزارکردن لەبەر ئەوەی دوورە لە خەمەکانی چینی کرێکارەوە.

(فۆکۆیاما) ئەو وەسفەی رۆژنامەنووس (کارلۆس

**نە مۆدێلی چین و نە مۆدێلی نەتەوایەتیی پۆپۆلیستی رووسیا، یان تورکیا، یان هەنگاریا لە رووی ئابووری و سیاسییەوە بۆ رۆژگارێکی زۆر درێژە ناخایەنن**

**هنتنگتن دووپاتی دەکاتەوە کە کەلتوور بریتییە لە فاکتەری کاریگەر لەسەر رەفتاری سیاسیی گەل، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەم رەفتارە لە رێی کەلتوورەوە دروست دەبێت**

**ئەم ئەولەوییاتەی کە لە رێی کەلتوورییەوە دیاریکراون، جێگیرن لە بەرامبەر نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری و لە کۆتاییدا بەسەر بەرژەوەندیی خودیدا زاڵ دەبن**

**دوای ئەوەی (هنتنگتن) کتێبە بەهادارەکەی (ئێمە کێین) لە ٢٠٠٤ بڵاو کردەوە، بە رەگەزپەرستی و هەڵوێستی دژی کۆچبەران تۆمەتبار کرا. (فۆکۆیاما) وەڵامی ئەم تۆمەتە دەداتەوەو دەڵێت: (هنتنگتن) راست بوو کاتێک روونی کردەوە کە کەسانی نیشتەجێ بوو (ئەنگلۆ پرۆتستانت) لە ئەمریکای باکوور بەشداربوون لە سەرکەوتنی ئەمریکا**

لوزادا Carlos Lozada)مان بیردەهێنێتەوە لە (رۆژنامەی واشنتۆن پۆست Washington Post) کردی لە بارەی (هنتنگتن) بەوەی: «پەیامبەری سەردەمی ترەمپ As a prophet of the Trump era»، بە مانای «رۆژگاری پۆپۆلیزم» کە کاری خۆی کردووە لەسەر «بەرگرتن بە دیموکراسی» و بەو پێیە گەیشتن بە داکشان و چەقبەستنی دیموکراسی "democratic recession" بە گوێرەی تێروانینی (لاری دایموند)، بەڵام کەس ناتوانێت مەزەندە بکات، (فۆکۆیاما) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە داکشان و چەقبەستوویی ئێستای دیموکراسی دەگۆڕێت بۆ پووکانەوەیەکی تەواوی دیموکراسی Full blown depression».

(فۆکۆیاما) ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکارەکانی ئەم داکشانی دیموکراسیەتە لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا روونە: پۆپۆلیزم جووڵەی کردووە و بزاوتی کردووە بەهۆی کاریگەریی نابەرامبەری دیاردەی جیهانگەرایی، هەروەها «هەڵگەڕانەوەی کەلتووری A cultural revolt دژی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران کە سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەبڕن و تەحەددای چەمکە تەقلیدییەکانی ناسنامەی نەتەوایەتی دەکەن.»

(فۆکۆیاما) پرسیاری ئەوە دەکات: «ئایا ئەم هێزانە لە ئاییندەدا وەك پێویست بەهێز دەبن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا زاڵ بن بەسەر ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرن بۆ ئەوەی جیهان بەرەو لێکنزیکبوونەوەی زیاتر بچێت لە دامەزراوە ئابووری و سیاسیەکاندا، یان دەبێتەهۆی ململانێیەکی جوگرافی سیاسی جددی لەسەر ئاستێك کە یەك نەگرێتەوە لەگەڵ رووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا. نە مۆدێلی چین و نە مۆدێلی نەتەوایەتیی پۆپۆلیستی رووسیا، یان تورکیا، یان هەنگاریا لە رووی ئابووری و سیاسییەوە بۆ رۆژگارێکی زۆر درێژە ناخایەنن. »

## ● مەسەلە کەلتوورییەکان Cultural Matters

(فۆکۆیاما) دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بابەتی (کەلتوور) بابەتێکی هاوبەشە لە هەموو کارەکانی (هنتنگتن) و بەتایبەتی لەم کارانەی خوارەوەدا:

- The Clash Of Civilization، 1993 and 1996
- Cultural Matters (a volume published in 2001 and coedited by Lawrence Harrison، to which Fukuyama has contributed
- Many Globalization (Edited Huntington with Peter L. Berger 2003
- Who Are We? (2004)
- The Third Wave (1991)

لەم کارە مەحکەمانەدا (هنتنگتن) دووپاتی دەکاتەوە کە کەلتوور بریتییە لە فاکتەری کاریگەر لەسەر رەفتاری سیاسیی گەل، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەم رەفتارە لە رێی کەلتوورەوە دروست دەبێت.

ئەم ئەولەوییاتە، کە لە رێی کەلتوورییەوە دیاریکراون، جێگیرن لە بەرامبەر نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری و لە کۆتاییدا بەسەر بەرژەوەندی خودیدا زاڵ دەبن.

(فۆکۆیاما) ئەوە روون دەکاتەوە کە (هنتنگتن) لە کتێبە نوێیەکەیدا (ئێمە کێین Who Are We) جەخت لەسەر ناسنامەی ئەمریکی دەکاتەوە، کە سەرکەوتنی ئەمریکاش وەك نەتەوەیەك بە شێوەیەکی بەتین بەندە بەم راستییەی خوارەوە: ئەمریکای باکوور ئەو کەسانە تێیدا نیشتەجێ بوون کە (هنتنگتن) وەسفیان دەکات بە (ئەنجلۆ-بروتستانت Anglo-Protestants)

ئەم شرۆڤەکارییە بۆ رۆڵی کەلتوور لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی-ئابووری- سیاسیدا دووپات دەکرێتەوە لەلایەن (فۆکۆیاما) لە کتێبە گرنگەکەیدا (متمانە Trust) کە ئەوە روون دەکاتەوە کە (هنتنگتن) بە شێوەیەکی گشتی راست و دروست بوو لە دووپاتکردنەوەیدا لەسەر گرنگیی (کەلتوور) و بەو پێیە کە «کەلتووری هاوبەش بریتییە لە بناغەی چەند ئاستێکی باڵا لە متمانەی کۆمەڵایەتی لە چەند وڵاتێکی دیاریکراو و بە رادەیەکی گەورە لە سەرکەوتنە ئابوورییەکەیدا بەشدار بوون.»

دوای ئەوەی (هنتنگتن) کتێبە بەهادارەکەی (ئێمە کێین) ٢٠٠٤ بڵاو کردەوە، بە رەگەزپەرستی و هەڵوێستی دژی کۆچبەران تۆمەتبار کرا. (فۆکۆیاما) وەڵامی ئەم تۆمەتە دەداتەوەو دەڵێت: (هنتنگتن) راست بوو کاتێك روونی کردەوە کە کەسانی نیشتەجێ بوو (ئەنگلۆ پرۆتستانت) لە ئەمریکای باکوور بەشداربوون لە سەرکەوتنی ئەمریکا، ئەویش نەك بەهۆی رەگەزەکەیانەوە، بەڵکو بەهۆی بەها کەلتوورییەکانەوە لە نێویاندا ئەخلاقی پرۆتستانتی و تاکگەرایی و بێ متمانەیی بە دەسەڵاتی مەرکەزی.

بەڵام لە پشت ئەم دووپاتکردنەوە بەرفراوانەوە لەسەر بەردەوامبوونی کەلتوور وەك دیاریکەری رەفتاری سیاسی، ئەوا چەندین کێشە هەن لە پەیوەندی بە تێروانینی (هنتنگتن) لەبارەی کەلتوورەوە. (هنتنگتن) بە دیاریکراوی مشتومڕی ئەوە دەکات کە لە کۆتاییدا کەلتوور ریشەی لە ئاییندا هەیە و ئینتیمای ئایینیی بەرفراوان لە بری ناسنامە دیاریکراوەکان لە ئاییندەدا سیستمی جیهانی دیاری کرد. بەڵام هەموو ئەم دووپاتکردنەوانە کێشەی گەورەن، لەبەر ئەوە (فۆکۆیاما) دەنووسێت: زۆربەی

چاودێرانی بابەتەکە سەرنجیان نەدابوو لەوەی کە (هنتنگتن) دووپاتی دەکاتەوە لە بارەی گەڕانەوەی بەهێزی ئایین وەك هێزێکی هەڵکشاو لە سیاسەتی هاوچەرخدا، نەك تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش (بۆ نموونە هیندستان و حوکمڕانیی حزبی بەهاراتیا جاناتای هیندۆسی) و لە ئەمریکای لاتین کە پرۆتستانتیەت بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. لە ئەمریکا ڕۆڵی ئایین روونە لە ڕێی ڕۆڵی موحافیزکارە ئایینییەکان لە سیاسەتی ئەمریکادا. هەروەها دەکرێت ئاماژە بە دیاردەی بوزییەت بکەین لە دەوڵەتی سریلانکاوە تاوەکو میانمار.

لە پرسی پەیوەست بە دیاریکردنی فاکتەرە کاریگەرەکان لە دیاریکردنی ناسنامەدا، (فۆکۆیاما) دووپاتی دەکاتەوە کە ئایین یەکێکە لە فاکتەرەکان و چەندین جۆری دیکەی تەبایی کۆمەڵایەتی هەن. بۆ نموونە، (فۆکۆیاما) باسی ئەوە دەکات کە نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی، ئابووری بووە هۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جیهانیی ئافرەتان کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە بۆ ئافرەتان. ئەم بزوتنەوەیە تەنیا لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو درێژبۆوە بۆ چەندین وڵاتی دیکە، لە نێویاندا کۆمەڵگە موحافیزکارەکان لە کەنداو و بووە «سەنگێکی هاوشان» بە ئاراستەی موحافیزکارە تەقلیدییەکان.

(فۆکۆیاما) سەرنجی ئەوە دەدات کە بەم دواییە دیاردەیەك دەرکەوتووە و بریتیە لە: «گەڕانەوەی ناسیۆنالیزمی کۆن old-fashioned nationalism»، و ئەم گەڕانەوەیەش پاڵپشتی لە بزووتنەوەی پۆپۆلیزمی کردووە (کە کاریگەری هەبووە لەسەر جیهانی هاوچەرخ) و ئەویش لە پاڵ چەند هۆکارێکی دیکە کە پەیوەستن بە لایەنی ئیتنی و نایەکسانیی ئابووری و یادەوەری مێژوویی هاوبەشەوە.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی سروشتی سیستمی جیهانیی داهاتووەوە nature of future global order، ئەوا (فۆکۆیاما) دووپاتی دەکاتەوە کە مامۆستاکەی (هنتنگتن) بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە کەلتوورەکان پێکدادەدەن، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە دابەشبوونی ئایدیۆلۆژییەکان ململانێ دەکەن و پێکدا دەدەن و بەو پێیە بوار دروست دەبێت بۆ شەش، یان حەوت شارستانییەتی گەورە بۆ ئەوەی «سیستمێکی جیهانیی نوێ» لەسەر بنەمای ئایینی دابمەزرێنن. کاتێکیش دەستەواژەی (پێکدادان clash بۆ یەکەمجار دەرکەوت، (فۆکۆیاما) مشتومڕی کرد لەگەڵ (هنتنگتن) لەبارەیەوە و دووپاتی کردەوە کە جیهانی ئیسلامی تاکە کەلتوورە کە تێیدا ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵکی بیر لە دەستەواژەکە دەکەنەوەو ئەویش لەبەر ئەوەی بیرۆکەی «ئومەتی ئیسلامی Muslim umme» یان «کۆمەڵگەی باوەڕداران global community of believers» هێشتا سەرنجڕاکێشن.

بەڵام (فۆکۆیاما) سەرنجی ئەوە دەدات کە دابەشبوونە ناوخۆییە ئیتنی و خێڵەکی و تایفەگەرییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاریگەری سلبییان لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە هەبووە، بە چەشنێك کە ئەفغانستان، سۆماڵ، سووریا و لیبیا و یەمەن چیتر ناتوانن جڵەوگیری خۆیان بکەن وەك دەوڵەتێك. بەڵام لە هەمان کاتدا هەر یەکە لە ئۆکرانیا و رووسیا و جۆرجیا پاشخانێکی ئەرسۆزۆکسی هاوبەشیان هەیە کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ململانێ سیاسییەکانی نێوانیان.

## ● ناسنامە نەك کەلتوور Identity، Not Culture

(فۆکۆیاما) هەوڵدەدات پێناسەی خۆی بۆ ناسنامە بخاتەڕوو، لەو بارەیەوە دەنووسێت: «ناسنامە چەمکێکی بەرفراوانتر و مرونەتی زیاتر لەخۆ دەگرێت لە ڕێی تێگەیشتن لە سیاسەتە هاوچەرخەکان لەبری کەلتوور، یان ئەو شارستانییەتانەی لەسەر بنەمای ئایینی بنیادنراون. ناسنامە چەمکێکی نوێیە و لەوە باوەڕەوە هەڵقوڵاوە کە مرۆڤ دەروونێکی ناوەکیی شاردراوەی هەیە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەرامەتی پێشێل دەکرێت، یان لە خراپترین حاڵەتەکاندا، لەلایەن کۆمەڵگەی دەوروبەرییەوە سووکایەتی پێدەکرێت. سیاسەتی ناسنامە پەیوەستە بە داواکارییەکانەوە، نەك بە کەرەستە و سەرچاوەکانەوە، بەڵکو بە دانپێدانان بە کەرامەتی رەگەز، یان ئایین، یان ئومەتێکەوە، یان تەنانەت بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی کەسێکەوە.»

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیاریکردنە بۆ چەمکی ناسنامە، (فۆکۆیاما) شیکردنەوە دەکات بۆ ئەوەی (سربە) نەتەوەییەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی کردیان لە کوشتنی ئەرشیدۆقی نەمساوی (فرانز فردیناند) وەك نارەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر دانپێدانەنانی جیهان بە ناسنامەی سرب لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجەڕ.

(هنتنگتن) پێیوابوو شارستانییەتیەکان لەسەر حیسابی ئومەتەکان تۆکمەتر بوون و، ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کەلتوورە نەتەوە بڕەکان transnational cultural level روویداوە و روودەدەن.

**فۆکۆیاما دووپاتی دەکاتەوە کە مامۆستاکەی (هنتنگتن) بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە کەلتوورەکان پێکدادەدەن، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە دابەشبوونی ئایدیۆلۆژییەکان ململانێ دەکەن و پێکدا دەدەن و بەو پێیە بوار دروست دەبێت بۆ شەش، یان حەوت شارستانیەتی گەورە بۆ ئەوەی «سیستمێکی جیهانیی نوێ» لەسەر بنەمای ئایینی دابمەزرێنن**

**فۆکۆیاما سەرنجی ئەوە دەدات کە دابەشبوونە ناوخۆییە ئیتنی و خێڵەکی و تایفەگەرییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاریگەریی سلبییان لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە هەبووە**

**فۆکۆیاما هەوڵدەدات پێناسەی خۆی بۆ ناسنامە بخاتەڕوو، لەو بارەیەوە دەنووسێت: «ناسنامە چەمکێکی بەرفراوانتر و مرونەتی زیاتر لەخۆ دەگرێت لە ڕێی تێگەیشتن لە سیاسەتە هاوچەرخەکان لەبری کەلتوور، یان ئەو شارستانیەتانەی لەسەر بنەمای ئایینی بنیادنراون**

**هنتنگتن پێیوابوو شارستانیەتییەکان لەسەر حیسابی ئوممەتەکان تۆکمەتر بوون و، ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کەلتووره نەتەوه بڕەکان-trans national cultural level روویداوه و روودەدەن**

**له ئەمریکا و ئەوروپا، رەوتی چەپ کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەرکەوت، هەڵگری بیرۆکەی هاوکاریی نێوان چینی کرێکار بوون بە ئامانجی لەخۆگرتنی گرووپە نوێیەکانی ناسنامە، ئەگەرچی مەیلی ئەوەی هەبوو کە دەنگدەرە بەتەمەنەکان لە چینی کرێکار دابب‌ڕێت**

**دەرکەوتنی سیاسەتی ناسنامە لە بزووتنەوە چەپڕەوەکان بووە هۆی چالاککردن و شەرعییەتدان بە دووپاتکردنەوەی ناسنامە نوێیەکان لەلایەن بزووتنەوە راستڕەوەکان**

بەڵام پێدەچێت (فۆکۆیاما) تێڕوانینێکی دیکەی هەبێت کە پێیوایە «شتێکی پێچەوانە دروستە» و ئەوەش زیاد دەکات کە دووپاتکردنەوەی ناسنامە دەبێتە هۆی پەرتکردنی کۆمەڵگەکان بۆ گرووپی بچووکتر و بچووکتر. ئێمە بە راستی ئەمەمان بەدی کردووە لە جیهانی ئیسلامیدا، کە گرووپی موسڵمانی جیاواز هەبوون یەکتریان بێبەش کرد، لەبری ئەوەی لەگەڵ یەکتردا کاربکەن. سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەییە پۆپۆلیستیە نوێیەکان لە رووسیا و پۆڵەندا و مەجەڕ و بەشەکانی دیکەی ئەورووپا هەوڵیانداوە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن، بەڵام ئەوان لە بەرامبەر راستییەکدا لە ململانێدان، ئەویش ئەوەیە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان لە ناکۆکبوونی بەردەوامدایە و لە هەندێ حاڵەتدا خۆیان خستە باری رکابەرییەوە لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکانی تایبەت بە خۆیان.

(فۆکۆیاما) باس لە ئەمریکا دەکات وەك نموونەیەکی گرنگ بۆ دووپاتکردنەوەی پەیوەست بە پرسی ناسنامە کە سەریکێشا نەك بۆ هاوکاریی شارستانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەریکێشا بۆ «پەرتبوون و دابەشبوونێکی بێکوتایی endless fractionalization». ئەوەش روون دەکاتەوە کە سیاسەتی ناسنامە identity politics لە ئەمریکا لە دوای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی شەستەکانی سەدەی بیستەوە جێگیر بوو، کە ئەو ئەمریکییانەی بە رەچەڵەك ئەفریقی بوون، ئافرەتان، پەککەوتەکان، ئەوانەی بە رەچەڵەك ئەمریکی بوون، هەست دەکەن کە رووبەڕووی جیاکاری و پەراوێزخستن بوونەتەوە بە شێوەیەکی زۆر جیاواز in distinctive ways . لەگەڵ دەرکەوتنی بەردەوامی ناسنامەی نوێ «یەکتربڕین intersectionality » دروست بوو لەگەڵ سەرنجڕاکێشان بۆ ئەوەی کە بوونی گرووپی جیاواز و پێکداچووی چینە پەراوێزخراوەکان بوونەتە هۆی دروستبوونی ناسنامەی تەواو نوێ.

لە ئەمریکا و ئەوروپا، رەوتی چەپ کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەرکەوت، هەڵگری بیرۆکەی هاوکاریی نێوان چینی کرێکار بوون بە ئامانجی لەخۆگرتنی گرووپە نوێیەکانی ناسنامە، ئەگەرچی مەیلی ئەوەی هەبوو کە دەنگدەرە بەتەمەنەکان لە چینی کرێکار داببڕێت.

دەرکەوتنی سیاسەتی ناسنامە لە بزووتنەوە چەپڕەوەکان بووە هۆی چالاککردن و شەرعیەتدان بە دووپاتکردنەوەی ناسنامە نوێیەکان لەلایەن بزووتنەوە راستڕەوەکان، (دۆناڵد ترەمپ) پشتیوانی بەدەستهێنا لەبەر ئەوەی لە رووی سیاسییەوە هەڵە بوو، لە ڕێی ڕێزنەگرتن لە خەسڵەتەکانی ناسنامە کە گوتاری سیاسیی هاوچەرخ لە ئەمریکا جیا دەکاتەوە. ئەم دۆخە هانی ناسیۆنالیستە دەمارگیرە سپی پێستەکانی دا، هەروەها هانی راستڕەوی توندڕەوی دا بۆ ئەوەی وەك کەمینەیەکی چەوساوە و پەراوێزخراو لە خۆیان بڕوانن و حاڵەتی خۆیان بچوێنن بە حاڵەتی چەپڕەوەکان.

لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی پاساوەکانی دەرکەوتنی ناسنامەی نوێ، ئەوا دوور نییە، هەروەك ئەوەی (فۆکۆیاما) دووپاتی دەکاتەوە، بانگەشەی ئەوە بکرێت کە دیاردەی (ترەمپ) لە بنەڕەتدا لە ئایینەوە هەڵقوڵاوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە دەنگدەرەکانی (ترەمپ) پاڵنەری پاراستنی چەمکی تەقلیدی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکی بزووێنەریان بوو کە مەسیحییەت رۆڵێکی دیاریکراوی تێیدا هەبووە. هەروەها ئەو ناسنامەیە دیاریکرا (سەرەڕای مەسیحییەت) لە ڕێی لایەنی ئیتنی و بەهای کۆمەڵایەتی موحافیزکار بە شێوەیەکی گشتیتر.

(فۆکۆیاما) تێگەیشتنی خۆی بۆ (ناسنامە) وەك تێگەیشتنێکی پێچەوانە و ناکۆك بۆ چەمکی مامۆستاکەی (هنتنگتن) بۆ کەلتوور دەخاتەڕوو، لەو بوارەدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە چەمکی ناسنامە باشتر وەسفی سیاسەت دەکات لە ئێستادا، لەبەر ئەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بنیاد دەنرێت و ناوەرۆکەکەی دیاری دەکرێت، هەروەك ئەوەی دەردەکەوێت لەو مشتومڕانەی لە ئێستادا دەکرێت دەربارەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکی. بە پێچەوانەوەی ئەم جۆرە دیاریکردنەی ناسنامەوە، (فۆکۆیاما) پێیوایە کە چەمکی کەلتوور لای (هنتنگتن) جێگیرە و گۆڕینی نزیکە لە مەحاڵەوە. (فۆکۆیاما) ئەوەش زیاد دەکات کە بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێك لە نەتەوەیی و حزبییە ئایینییەکانەوە، ئەوا ناسنامەکان لە رووی بایەلۆژییەوە رەگ و ریشەیان نییە و لە رۆژگاری کۆندا بەڵگەیان لەبارەوە نییە. نەتەوایەتی بە مانا نوێیەکەی بوونی نەبووە لە ئەورووپای پێش شۆڕشی فەڕەنسی. ناسنامە هاوچەرخەکان لەسەر بنەمای ئومەت، یان ئایین بنیاد نراون لەلایەن چالاکە سیاسییەکانەوە بۆ چەند ئامانجێکی دیاریکراو، کە دەکرێت ناسنامەی دیکە وەك دەرئەنجامی تێکۆشانی سیاسی شوێنیان بگرێتەوە.

سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی گرنگیی کەلتوور لای (فۆکۆیاما)، بەڵام ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە بیردۆزی (هنتنگتن) لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای جیهاندا ناگونجێت، ئەویش لەبەر چەندین هۆکار لە نێویاندا

هۆکاری ئەوەی سیستەمە دیموکراسییەکانی رۆژئاوا لە ناوخۆیاندا لە حاڵەتی جەنگدان لەگەڵ خۆیاندا و لە پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوەییەوە کۆدەنگییەکی خامۆش هەیە بەوەی (سیستەمە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا) گونجاو بن بۆ وەسفکردنیان لە نێو پۆلێنێکی بەرفراوانی وەك (رۆژئاوا- West). کاتێك دۆناڵد ترەمپ باسی رۆژئاوای کرد لە وتارەکەیدا لە پۆڵەندا لە ساڵی ٢٠١٧، ئەوا باسی رۆژئاوایەکی جیاوازی لە رۆژئاواکەی ئۆباما کرد. بە هەمان شێوە، لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا، ئەوا دابەشبوونە شارستانیەتییەکان تەنیا یەکێکە لە دابەشبوونە زۆرەکان کە لە رووی سیاسییەوە خەڵکی لێکدادەبڕن و تاکە هێزی دژ کە دەوڵەتی بەهێز بن وەك ئەوەی لە چین و رووسیا هەیە، قەوارەیەکی سنووربڕ نین کە لەسەر بنەمای کەلتوورێکی هاوبەش دروست بووبن.

## ● **بەها جیهانییەکان** Universal Values

(فۆکۆیاما) ئاماژە بەوە دەکات کە (هنتنگتن) لە کتێبە کۆنەکەیدا (پێکدادانی شارستانییەتیەکان) پرسی بەها جیهانییەکان دەورووژێنێت کە ئەو قەناعەتی بە بوونی ئەم بەهایانە نەبوو، لەبەر ئەوەی پێیوایە سەرجەم شارستانیەتە گەورەکان لە جیهاندا دروستبوون و گەشەیان کرد لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەهای هاوبەش کە ریشەیان هەیە لە مێژووە ئاڵۆزەکەیاندا و لە کۆتاییدا لەگەڵ یەکدا نابەرامبەر بوون.

لەسەر ئەم بنەمایە، (هنتنگتن) هات و شرۆڤەکاری بۆ دیموکراسیەتی لیبراڵی کرد و پێیوایە ئەمە لەسەر بنەمای بەهای گشتگیر نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ئەزموونی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا گەشەی کردووە، کە تێیدا مەسیحییەت لە رووی مێژووییەوە ریشەی هەبووە تێیاندا، لەبەر ئەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکات کە هۆکارێکی دیاریکراو لەئارادا نییە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین کە دیموکراسیەتی لیبراڵی لە دەرەوەی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بڵاو دەبێتەوە و لەو کۆمەڵگەیانەدا گەشە دەکات کە لە رووی کەلتوورییەوە جیاوازن. (هنتنگتن) بەردەوام دەبێت لە دەرئەنجامەکەی و دەگاتە خاڵێکی گرنگ کە بریتییە لەوەی: «هێندەی ئەوەی دیموکراسیەت بڵاو دەبێتەوە لە وڵاتانی وەك یابان، یان کۆریای باشوور، ئەوا ئەمە دەرئەنجامی هێزی سیاسی و سەربازی و ئابووریی ئەمریکییە. بەڵام ئەگەر ئەو هێزە کەم بۆوە بە بەراورد بە شارستانییەتەکانی دیکە، ئەوا سەرنجڕاکێشیی بیرۆکە دیموکراسییەکانیش لەئارادا نامێنێت.»

ئەمە لە تێڕوانینی (فۆکۆیاما)دا بانگەشەیەکی مەترسیدارە و وتارەکەی (جۆرج بوش-ی کوڕمان) بیر دەخاتەوە کە باسی (دیموکراسیەت وەك بەهایەکی جیهانی democracy as a universal value) دەکرد، کە سەرکەوتنیشی بەند نییە بە کەلتوورێکی پێشوەختەوە. بەڵام لە بواری جێبەجێکردندا ئەم بانگەشەیە راست نەبوو، لەبەر ئەوە ئیدارەکەی هەوڵیدا لە مەودای نزیکدا دیموکراسیەتی لیبراڵی لە ئەفغانستان و عێراق دابمەزرێنێت، بەڵام ئەم باوەڕبوونە بە دیموکراسی (دیموکراسیی جیهانی) شکستی هێنا لە دانپێدانان بە خودی مێژووی رۆژئاوا خۆی. دامەزراوە دیموکراسییەکان تەنها ٢٠٠ ساڵە بوونیان هەیە و پرۆسەی بنیادنانی دیموکراسی لە چەندین بەشی رۆژئاوا تەنیا لە سەدەی بیستدا کۆتایی هات.

لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ بۆچوونەکانی مامۆستاکەی، (فۆکۆیاما) ئەم دەرئەنجامە دەخاتەڕوو: ئەو پرسیارانەی بە بێ وەڵام ماونەتەوە بریتین لە: ئایا هەمیشە بەها کەلتوورییەکان ریشەیەکی درێژیان دەبێت بە چەشنێك رێگری بکات لە نوێبوونەوەی هەندێ لە کۆمەڵگەکان؟ ئەگەر نوێبوونەوەیان ئەنجامدا، ئایا شکست دەهێنن لە لێکنزیکبوونەوە لە یەکتری لە پەیوەندی بە دامەزراوە سیاسییەکانەوە؟

لە دیدی (فۆکۆیاما)ەوە بۆ چەندین دەیە، خەڵکی رۆژئاوا باوەڕیان وابووە کە نوێبوونەوە تەنیا لەسەر بنەمای بەها رۆژئاواییەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەڵکشانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەم تێڕوانینەی پووچەڵ کردەوە. ئەوەش زیاد دەکات کە: پێویستە وریا بین لە بیرکردنەوە لەبارەی ئەوەی چەند بەشێکی جیهان بە بەردەوامی بە هەژاری دەمێنێتەوە. ئەگەر سعودیە و ئێران و چین ببنە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند، کۆمەڵگەیەکی بەهرەمەند لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و چینی ناوەڕاستی بەرفراوان و خەڵکەکەی ئاستێکی خوێندەواریی بەرزیان هەبێت، ئایا هێشتا رازی دەبن بەوەی ئەو کەسانەی ئێستا حوکمڕانییان دەکەن، بە هەمان شێوازی حوکمڕانیی ئێستا حوکمڕانییان بکەن؟

ئەو وەڵامەی ئەگەری هەیە بدرێتەوە، بریتییە لەوەی: ئەوان ئەم کارە ناکەن، بەڵکو داوای بەشداریکردنی زیاتری سیاسی دەکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە دەکرێت باوەڕ بەوە بکەین کە لێکچوون و لێکنزیکبوونەوەی نێوان سیستەمەکانی ئێستای حوکمڕانی وەك ئەگەرێك دەمێنێتەوە.

**زۆرێک لە دەنگدەرەکانی (ترەمپ) پاڵنەری پاراستنی چەمکی تەقلیدی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمریکی بزووێنەریان بوو کە مەسیحیەت رۆڵێکی دیاریکراوی تێیدا هەبووە**

**ناسنامە هاوچەرخەکان لەسەر بنەمای ئومەت، یان ئایین بنیاد نراون لەلایەن چالاکە سیاسیەکانەوە بۆ چەند ئامانجێکی دیاریکراو، کە دەکرێت ناسنامەی دیکە وەک دەرئەنجامی تێکۆشانی سیاسی شوێنیان بگرێتەوە**

**لە دیدی (فۆکۆیاما)ەوە بۆ چەندین دەیە، خەڵکی رۆژئاوا باوەڕیان وابوو کە نوێبوونەوە تەنیا لەسەر بنەمای بەها رۆژئاواییەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەڵکشانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەم تێڕوانینەی پووچەڵ کردەوە**

دیمانەی تایبەت

**زاکاری لۆکمان**

تایبەتمەندی کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# داعش هێشتا ماوەو دەبێت بیر لە چارەسەری درێژخایەن بکرێتەوە



زاکاری لۆکمان پرۆفیسۆری مێژوو و دیراسەتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی نیویۆرك، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فەلەستین و زایۆنیزم و ئیسرائیل، پێشتر سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، چەندین کتێب و توێژینەوەی هەیە، دەربارەی کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی دوای بڕیاری ئەم دواییەی ئیدارەی ئەمریکا بە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە سووریا؟**

- لە ئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بەگشتی و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتەواوەتی پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە، سەرۆك ترەمپ رایگەیاند کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەڵدەستێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا، بەڵام ئەوەتا وەزیری دەرەوە —مایك پۆمپیۆ- و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا — جۆن بۆڵتۆن-، کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە، لێدوانی پێچەوانە و ناکۆکیان داوە لەم بارەیەوە و باس لە چوارچێوەیەکی زەمەنیی درێژخایەنتر دەکەن.

*** باشە لەم روانگەیەوە پێتوایە پاڵنەری پشت ئەم بڕیارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چییە؟**

- پێدەچێت ئەو وەڵامدانەوەی هەبووبێت بۆ سەرۆك ئەردۆغان و سیاسەتەکانی، چونکە بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بە بێ ئەوەی پلانێکی تۆکمە لەئارادا بێت بۆ قۆناغی دواتر، کوردی سووریا لە دۆخێکی زۆر دژواردا جێدەهێڵێت، ئێمەش دەزانین تورکیا جووڵانەوەی کوردی- سووریا- بە هەڕەشەیەکی ستراتیژی لێکدەداتەوە و پێداگرە لەسەر ئەوەی سەرکوتی بکات.

**کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بە بێ ئەوەی پلانێکی تۆکمە لەئارادا بێت بۆ قۆناغی دواتر، کوردی سووریا لە دۆخێکی زۆر دژواردا جێدەهێڵێت**

*** کەواتە بە شێوەیەکی گشتی چۆن وەسفی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا دەکەیت لە ئاست ئەم وڵاتانەدا؟**

- ئەوەی من دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە کە هیچ پلانێکی تۆکمە نییە نە لە ئاستی سووریا و نە لە ئاستی عێراق و نە لە ئاستی شوێنەکانی دیکەدا.

*** لەم روانگەیەوە چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەڕوانیت؟**

- سیاسەتەکانی ئەمریکا هۆکارێك بوون بۆ زیادبوونی پشێوی و ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا، ئەویش بە هۆی نەبوونی هیچ پلانێك، یان سیاسەتێکی تۆکمەوە، ئیدی باش بێت، یان خراپ.

*** ئێمە دەزانین زۆر جار سەرۆك ترەمپ پێیوایە تەمومژ و پێشبینی نەکردنی سیاسەت و بڕیارەکانی یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی و بە ئاشکرا پێیوایە ئەمە ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ ئیدارەدانی کاروبارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

**وا دەردەکەوێت سەرۆک ترەمپ کێشە و گرفتی نەبێت لەگەڵ ئەوەی رووسیا و ئێران هەر کارێک بکەن لە سووریا کە دەیانەوێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە وڵاتێکی وەک ئیسرائیل زۆر ناڕەحەتە بەم پەرەسەندنانە**

- لە راستیدا رەنگە لە هەندێ رووەوە ناجێگیری لە سیاسەتەکاندا مانابەخش بێت، کە ئێمە دەبینین ئەو دەیەوێت دوژمنەکانی غافڵگیر بکات و پێیوایە دەبێت لە شێوازی سەرۆکەکانی پێش خۆی جیاواز بێت و لێیان دابڕێت لە بواری ئیدارەدانی سیاسەتی دەرەوەدا، کەواتە لەم رووەوە هەندێ لەوانەی دەیڵێت جۆرێك لە مانا هەڵدەگرن. چونکە لە ئەمریکاش مشتومڕ دەکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمریکا چ ئەرك و پەیامێکی هەیە لە سووریا، یان لە عێراق، یاخود لە ئەفغانستان، کە هەندێ جار سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش ئامادەیە بۆ ئەوەی هەندێ لێدوان بدات کە بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوە ناهێڵن. چونکە ئێستا ئەوە روونە کە دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان هیچ دەرئەنجامی سەرکەوتووی لێناکەوێتەوە و دەبێت دەستێوەردان و تێوەگلانی ئەمریکا کۆتایی پێبێت. هەروەها بە دڵنیاییەوە دەتوانیت مشتومڕ بکەیت لەبارەی ئەوەی کە دەبێت گفتوگۆی جددی بکرێت لەبارەی تێوەگلانی سەربازی لە سووریادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دۆناڵد ترەمپ بە شێوازی زۆر ناعەقڵانی ئەم کارە دەکات، بەڵام ئەو ئەوە دەخاتەڕوو کە متمانەی تەواوی بە توانا و زیرەکیی خۆی هەیە، بەو شێوەیە هەندێ لێدوان دەدات کە دەبێت راوێژکار و بەرپرسەکانی دواتر راڤە و لێکدانەوەیەکی دیاریکراوی بۆ بکەن بۆ ئەوەی هەندێ مانابەخش بێت.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندیی ئیدارەی ئەمریکا بە هاوپەیمانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ زۆر پابەندە بە سعودیەوە، ئەوە بوو رەتیکردەوە کە فشار لەسەر حکومەتی سعودیە و لەسەر محەمەد بن سەلمان بکات دوای کوشتنی جەمال خاشوقچی. هەرچەندە هەندێ جووڵە و هەنگاو هەن لە پەیوەندی بە پرسی یەمەنەوە، بەڵام سەرچاوەی ئەم جووڵەیەش کۆنگرێسی ئەمریکایە، نەك ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەو هەندێ لێدوان دەدات بەڵام دەبێت دواتر بەرپرس و راوێژکارەکانی کارێك بکەن کە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت. سووریا دوایین نموونەیە لەم بارەیەوە. چونکە راستە لەلایەکەوە، دەکرێت مشتومڕی ئەوە بکرێت کە پێویستە ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت هەندێ مەسەلە و پرسی دیکە لەبەرچاو بگیرێن وەك چارەنووسی کورد لەو وڵاتەدا و جووڵانەوەی کورد و ناوچە خۆبەڕێوبەرییەکەیان، هەروەها پرسی ئەوەی چی روودەدات کاتێك سووریا، یان تورکیا دەستێوەردان دەکەن کاتێك هێزەکانی ئەمریکا ئەو ناوچەیە جێدەهێڵێت.

*** بەڵام هەر لە پەیوەندی بە پرسی کشانەوەی ئەمریکا، ئێمە دەزانین دەکرێت**

**پاساوی بەهێز بهێنرێتەوە بۆ خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لەم ناوچەیە، یان تێوەگلانی لەم ناوچەیە، بەڵام پێتوانییە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمریکا بەرژەوەندیی گەورە و ستراتیژی هەیە لەم ناوچەیەدا کە دەبنەهۆی ئەوەی ئەمریکا نەتوانێت دەستبەرداری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت؟**

- من پێموایە نابێت مەسەلەکە لەوەدا کورت بکرێتەوە کە ئایا دەبێت ئەمریکا بوونی هەبێت لەم ناوچەیەدا، یان نا، چونکە ئەمریکا تاکە هێزی مەزنی دەرەکییە لەم ناوچەیە. بەڵکو بە تێڕوانینی من پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا دەستێوەردانی ئەمریکا لەم ناوچەیە چ شێواز و چ فۆرمێك وەردەگرێت، واتە ئایا کێ لێی سوودمەند دەبێت و کێ لەگەڵیدا هاوهەڵوێست دەبێت.

*** بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لەم ١٥ ساڵەی رابردوودا پڕبوون لە دژیەکی، ئێستاش هەندێ لەو دژیەکییانە دەرکەوتوون. کەواتە کارێکی باش دەبێت، ئەگەر بێت و گفتوگۆی جددی بکرێت لەبارەی ئەوەی چۆن ئەمریکا دەتوانێت بەرژەوەندییە راستەقینەکانی خۆی بەرەوپێش ببات و لەگەڵ کێدا هاوپەیمانی بکات و چۆن و بە چ شێوەیەك هێزەکانی لەم ناوچەیەدا جێگیر بکات کە ببێتەهۆی ئەوەی لە ئایندەیەکی دووردا سەقامگیری و ئارامی لێبکەوێتەوە.

*** ئایا لە ئێستادا ئەم گفتوگۆیە بەدی دەکرێت؟**

- من پێموایە لە ئێستادا ئەم گفتوگۆیە بوونی نییە، لەبەر ئەوەی سەرۆك ترەمپ بایەخ بەم پرسە نادات و تەنانەت توانای ئەوەی نییە گفتوگۆیەکی لەم چەشنە بکات. ئەوەتا ئێستا ئەوەی ئەمریکا دەیکات لەگەڵ کوردی سووریادا جێهێشتنیانە و لە بنەڕەتدا ئەمریکا بە ئەردۆغان دەڵێت جڵەوی بارودۆخەکە لە دەست تۆدایە و تۆ هەرچییەکت دەوێت دەتوانی بیکەیت. لە دەرئەنجامدا دەتوانم بڵێم کێشە بنەڕەتییەکە چارەسەرنەکراوە و ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ناکۆکیی زیاتر و خوێنڕێژیی زیاتر لە ئایندەدا.

*** واتە پێتوایە ئەمریکا خۆی گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکات و بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکانی دیکە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە ئەمریکا بە کشانەوەی هێزەکانی دروستی دەکات؟**

- پێدەچێت ئەمە حاڵەتەکە بێت لە سووریادا، واتە وا دەردەکەوێت سەرۆك ترەمپ کێشە و گرفتی نەبێت لەگەڵ ئەوەی رووسیا و ئێران هەر کارێك بکەن لە سووریا کە دەیانەوێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە وڵاتێکی وەك ئیسرائیل زۆر نارەحەتە بەم پەرەسەندنانە، بەم دواییە جۆن بۆڵتۆن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ئیسرائیل بووە و من دڵنیام قسەیەکی زۆری گوێ لێ بووە لە بەرپرسە ئیسرائیلییەکانەوە بەوەی ئەوان زۆر نیگەرانن لەبارەی بوونی ئێران لە سووریادا. ئێمەش دەزانین بۆ ماوەیەکە ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی دەکاتە سەر دامەزراوە و هێزەکانی سووریا و حزبوڵا، کەواتە ئەمە یەکێکە لە دژیەکییەکان کە دەبێت چارەسەر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت ئەمریکا زۆر پابەند بێت بە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی کەنداودا، بەتایبەتی سعودیە و ئیمارات، کە پێناچێت ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەستێوەردانی ئەمریکا لە سووریا، یان عێراق، یاخود ناوچەکانی دیکە کارێکی ژیرانە بووە، یان بەرهەمدار بووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە مایەی کارەسات بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو خەڵکانە کە لەوێدا دەژین. بەڵام ئەوەی لە ترەمپدا بەدی دەکرێت، حاڵەتێکی پێچەوانەیە، واتە ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە ترەمپ دەیەوێت کارێکی باش و بەسوود بکات، بەڵام بە شێوەیەکی ناتۆکمە ئەم کارە دەکات، بە بێ ئەوەی پرس و راوێژ لەگەڵ کەسدا بکات، واتە بە شێوەیەك ئەم کارە دەکات کە کورد و جووڵانەوەی کوردی لە سووریا- کە هێزێکی بنەڕەتی بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا- لە ژێر رەحمەتی سوپای تورکیادا بەجێهێشتبێت، کە رەنگە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو سوپایە

پێموانییە سزاکان سەربکێشن بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئێراندا بەو چەشنەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ خوازیاریەتی و بگرە رەنگە کاریگەری پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە، بەوەی ببێتەهۆی ئەوەی حکوومەتی ئێران هەڵوێستی سەختگیرتر بگرێتەبەر و کاردانەوەی سەختگیرتری هەبێت

ئەمریکا ئابووورییەکی گەورە و سوپایەکی مەزنی هەیە و لە جیهاندا دەسترۆیشتووە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە چۆن ئەم هێزەی خۆی بەکار دەهێنێت

پێشڕەوی بکات. کەواتە ئەمە سیاسەتێکە کە دەرئەنجام و ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئێران دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم ئیدارەیە هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی گوشاری توندی ئابووری بخاتە سەر ئەو وڵاتە؟ ئایا پێتوایە ئەو ڕێکارە ئێران ناچار بە سازش دەکات، یاخود باوەڕت وایە کارا نابن و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانەشیان لێدەکەوێتەوە؟**

- من باوەڕم وانییە کە بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ فشارخستنەسەر ئێران ببێتەهۆی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی کە ترەمپ خوازیاریەتی، پێشتریش ئێران ڕووبەڕووی ئێش و ئازاری سزای ئابووری بۆتەوە و لە ئایندەشدا بەردەوام ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە ئەم سزایانە دۆخێکی دژوارییان بۆ خەڵکانێکی زۆری نێو ئێران دروست کردووە، بەڵام پێموایە دەبنە هۆی ئەوەی هەڵوێستی حکومەتی ئێران سەختگیرتر بێت و بەدوای هاوپەیمانی دیکەدا بگەڕێت لە شوێنەکانی دیکە و ئومێدی ئەوە بخوازێت کە وڵاتانی ئەورووپا، هەروەها هیندستان و چینیش بەردەوام بن لە کڕینی نەوتی ئێران و وەبەرهێنان بکەن لەو وڵاتەدا. لەم ڕوانگەیەوە من پێموانییە سزاکان سەربکێشن بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئێراندا بەو چەشنەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ خوازیاریەتی و بگرە ڕەنگە کاریگەریی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە، بەوەی ببێتەهۆی ئەوەی حکومەتی ئێران هەڵوێستی سەختگیرتر بگرێتەبەر و کاردانەوەی سەختگیرتری هەبێت.

**ترەمپ پێیوایە لە ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکاندا دەتوانێت فشاری زیاتر دروست بکات و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە زیاتر لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بێت**

*** بەڵام ئێمە دەزانین ئیدارەی ترەمپ پەنابردنەبەر سەپاندنی فشار و ئابڵوقەی ئابووری کردۆتە ئامرازێکی سەرەکیی دەستی ئیدارەکەی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم شێوازی کارکردنە چییە؟**

- دووبارەی دەکەمەوە مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا ئامرازی ئابووری بەکار بهێنرێت، یان نا، چونکە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەش بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە ئامرازی ئابوورییان بەکارهێناوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە چەند ژیرانە ئەم ئامرازانە بەکار دەهێنێت. هەروەها ئێمە دەبێت ئەوە بزانین لە ماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کەسانێك هەبوون لە ئەمریکا ڕەخنەیان لەو جۆرە سیاسەتەی وڵاتەکەیان گرتووە کە بۆتە هۆی ئەوەی هەلی کار لە وڵاتەکەیاندا کەم ببێتەوە و ئەو هەلی کارانە بچێتە وڵاتێکی دیکە، لەبەر ئەوەی کرێی هێزی کار هەرزانترە، کە ئێمە دەزانین سەرجەم ئیدارەکانی ئەمریکا لەو ٤٠ ساڵەی ڕابردوودا — بە کۆماری و دیموکراتەکانەوە- پشتیوانییان لەم سیاسەتە کردووە. بەڵام ئەوەی ئێستا ترەمپ دەیکات، شێوازێکی جێگیر و تۆکمەی وەرنەگرتووە و بۆتە هۆی زیانگەیاندن بە خەڵکانی ئەمریکا و بە خەڵکانێك لە چین و چەندین شوێنی دیکە. بگرە دەرئەنجامی سیاسیی گەورەشی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ئەمریکا فشارە ئابوورییەکانی لەسەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا زیاتر بکات، کە شەریکێکی گەورەی بازرگانیی ئەمریکان، ئەوا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە هاوکاری لەگەڵ ئەم وڵاتانە و لەگەڵ ناتۆ دەکات. هەرچۆنێك بێت، هەندێ لەو مەسەلانەی ترەمپ دەیانوروژێنێت مەسەلەی باشن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە هەڵبژێردرا، چونکە ئەو تەنیا کەس بوو باسی نەمانی هەلی کاری دەکرد، بەڵام ئەو شێوازەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکات بەوەی کە کێشەکانی پێ چارەسەر دەکات، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و زیانی زیاترە لە سوودی.

**شتێکی مەحاڵ نییە کە ترەمپ ئەمریکا ڕابکێشێتە شەڕێکەوە لەگەڵ ئێراندا، کە پێموایە ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا مایەی کارەسات دەبێت**

*** بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەسفی سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا بکەین، ئایا چەمکی گۆشەگیری، یان تاکلایەنی زیاتر بەرجەستەکاری واقیعی ئەم سیاسەتەیە؟**

- من پێموایە هەوڵدان بۆ وەسفکردنی سیاسەتی ئەم ئیدارەیە بەم شێوەیە هەڵەیە، مەبەستم ئەوەیە کەس ناڵێت نابێت ئەمریکا وەبەرهێنان لە دەرەوە بکات و کەس نەیوتووە نابێت ئەمریکا سەرقاڵ بێت بە پرسە جیهانییەکانەوە، ئەمە خەیاڵپڵاوە و کەس باسی ئەمە ناکات،

تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش هەبن، یەکتر تۆمەتبار بکەن بە گۆشەگیری، ئەوا بە راستی مەبەستیان نییە لەوەی کە دەیڵێن. کەواتە پرسەکە ئەوەیە ئایا دەبێت ئەمریکا چۆن سەودا و مامەڵە لەگەڵ پرسە جیهانییەکاندا بکات، یان ئایا لە رێککەوتنەکاندا چی لەبەرچاو بگرێت، ئەوە رەچاو بکات، ئایا ئەمە دەبێتەهۆی زیادبوونی هەلی کار و باشترکردنی سەرمایە لە وڵاتەکەدا و ئایا ئەمریکا چ جۆرە رێککەوتنێکی ئابووری بکات لەگەڵ وڵاتانی دیکە. ئەمریکا ئابوورییەکی گەورە و سوپایەکی مەزنی هەیە و لە جیهاندا دەستڕۆیشتووە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە چۆن ئەم هێزەی خۆی بەکار دەهێنێت، واتە پرسیارەکە ئەوە نییە نابێت ئەمریکا سەودا و مامەڵە لەگەڵ کێشە جیهانییەکاندا بکات، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم کارە بکات. لەم سۆنگەیەوە نابێت مشتومڕەکە لەوەدا چڕبێتەوە ئایا پێویستە ئەمریکا تاکلایەنانە رەفتار بکات، یان گۆشەگیرانە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسە جیهانییەکاندا بکات، بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هەروەها بەرژەوەندیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەدا بێت.

*** لایەنێکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە لە رێککەوتنە فرەلایەنەکان دەکشێتەوە و پێی باشترە رێککەوتنی دوو قۆڵی بکات لەگەڵ وڵاتاندا، پاڵنەری سەرەکیی پشت ئەم شێوازی سیاسەتکردنە چییە؟**

- لە راستیدا ترەمپ پێیوایە لە رێککەوتنە دوو قۆڵییەکاندا دەتوانێت فشاری زیاتر دروست بکات و بڕگەکانی رێککەوتنەکە زیاتر لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بێت، بۆ نموونە ترەمپ زۆر رەخنەی لە نافتا دەگرت- زۆر کەسی دیکەش رەخنەیان لێدەگرت و پاساوی لۆژیکیشیان هەبوو-، ئێستا رێککەوتنی لەگەڵ مەکسیك و کەنەدا ئەنجام داوەتەوە کە هێشتا کۆنگرێس گفتوگۆی لەبارەوە نەکردووە بۆ ئەوەی بیکەنە بەدیلی نافتا. کەواتە ترەمپ پێیوایە ئەمریکا بەهۆی ئابوورییە بەهێزەکەیەوە دەتوانێت وڵاتانی دیکە ناچار بکات کە مەرجەکانی رێککەوتنەکە پتر لە بەرژەوەندیی ئەمریکا بن. هەمان حاڵەت لەگەڵ چیندا بەدی دەکرێتەوە، کە رسووماتی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندووە، بە ئامانجی ئەوەی چین ناچار بێت مەرجەکانی ئەمریکا قبووڵ بکات، ئەمەش زیانی بە چین و هەروەها بە چەندین کەرتی نێو ئەمریکا گەیاندووە. کە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئەم شێوازە سەرکەوتوو دەبێت، یان نا.

*** ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسیار لە بارەی ئایندەی ئەم ناوچەیەوە بکەین، ئایا ئێوە پێتان وایە باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە چاوەڕوانی ئەم ناوچەیە دەکەن؟**

- بەداخەوە چەندین سیناریۆی خراپ هەن، کە من نامەوێت پێشبینی بکەم لەبارەیانەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت شتێکی مەحاڵ نییە کە ترەمپ ئەمریکا رابکێشێتە شەڕێکەوە لەگەڵ ئێراندا، کە پێموایە ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا مایەی کارەسات دەبێت. چونکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فشارانەی لەسەری دروستبوون و بە رەچاوکردنی دابەزینی ئاستی جەماوەری لە نێو ئەمریکادا، رەنگە مەحاڵ نەبێت پەنا بباتە بەر شەڕێکی بەرفراوان لەگەڵ ئێران. جگە لەوە ئێمە دەزانین هێشتا داعش بوونی ماوە و دەبێت چارەسەر بکرێت، چونکە ئەوەی ئەنجام دراوە، لایەنە سەربازییەکە بووە، ئەوەی پێویستە لە مەودای دووردا بکرێت، بریتییە لە هێنانەئارای سەقامگیرییەك لە ناوچەکەدا کە حکومەتەکان وڵاتانی وەك عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بتوانن پێداویستییەکانی هاووڵاتییەکانیان دابین بکەن و ئەمریکا دەتوانێت لەم رووەوە رۆڵی هەبێت. چونکە ئاسانە کە رایبگەیەنیت کە تۆ کارکەت ئەنجام داوە، بەڵام لە ئایندەدا کێشەکان لە فۆرم و بەرگی نوێدا سەرهەڵدەدەنەوە و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ توندوتیژیی زیاتر و ئاوارەبوونی زیاتری خەڵك. کەواتە من گەشبین نیم لەبارەی ئەو پەرەسەندنانەی بەڕێوەن، ئەویش بە رەچاوکردنی ئەوەی ئێستا لە ئەمریکا روودەدات و بە لەبەرچاوگرتنی بێتوانایی ئیدارەی ئەمریکا لەوەی بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

# چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ ئێوەی عەرەب گرنگترە

**هەر لە مەلیک فەیسڵ-ەوە تادەگاتە کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی، هەموویان ڕێگەچارەی هێزیان بۆ تێکشکاندنی خەڵکی کوردستان بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا نەشیانتوانیوە بچووکترین خزمەتگوزاری بۆ شارە عەرەبییەکانی عێراقیش دابین بکەن**

**عەبادی خۆشحاڵ بوو بەوەی ئیرادەی بەشێک لەگەلەکەی خۆی تێکبشکێنی، بەڵام نەیزانی زەلکاوێکی دیکە بۆ خۆی دروست دەکات و توانای ئەوەی نابێت ئاوی خواردنەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دابین بکات**

لەماوەی ئەو چەند مانگەی وەك نوێنەری گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کاردەکەم، چەند جارێك لەگەڵ پەرلەمانتاری عەرەب دیبەتی هێمنانەمان ئەنجامداوە و سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا ئەو پرسیارەم ئاراستە کردوون: ئایا چارەسەری کێشەی کورد چەند بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە، چەند هێندە زیاتر بۆ ئێوەی عەرەبی عێراق گرنگتر نییە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە سەرەتادا لەلایەن پەرلەمانتارانی عەرەبەوە جۆرێك لە سەرسوڕمانی پێوە دیار بوو، یان لە وەڵامەکانیاندا پێیان دەگوتم: سەقفی داواکارییەکانی گەلی کوردستان زۆر بەرزە و ئێوە دەتانەوێت عێراق دابەش بکەن و ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق نامێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە پرسیارێکی دیکەم ئاراستە کردن و پێم گوتن: باشە ئەگەر ئێوە ئەوەندە پەرۆشی مانەوەی عێراق و یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتەن، بۆچی کارێك ناکەن کە ئێمەش خۆمان بە عێراقی بزانین و هەوڵنەدەین لە عێراق جیاببینەوە؟ وەڵامی ئەوان بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو، ئەی ئەوە نییە لە دەستووری عێراقدا ئێوە خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵین و سەرباری ئەوەش ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دەدەن. لە وەڵامی ئەمەدا پێیانم گوت: کێشەی سەرەکیی ئێوە ئەوەیە کە بڕواتان بە مەنۆلۆگ هەیە، نەك دیالۆگ، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئێوە زەمینەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ گەلی کوردستان دروست بکەن و چاوێك بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بگێڕن، ئەوا ئەو ڕاستییەتان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەگەڵ دەستپێکی یەکەم شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٣ لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی، ئەوەی فێرکردووین کە ئێمە کێشەمان لەگەڵ گەلی عەرەب لە عێراقدا نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە کورد و عەرەب پێکەوە دەچەوسێننەوە و پێکەوە بە کوشتیان دەدەن و سەروەت و سامانی عێراقیش لە شەڕێکی بێ کۆتایی و بێ ئامانجدا بەفیڕۆ دەدات.

لێرەوە ئەگەر بە قووڵایی سەیری مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی عێراق بکەین، هەر لە مەلیك فەیسڵ-ەوە تادەگاتە کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی، هەموویان ڕێگەچارەی هێزیان بۆ تێکشکاندنی خەڵکی کوردستان بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا نەشیانتوانیوە بچووکترین خزمەتگوزاری بۆ شارە عەرەبییەکانی عێراقیش دابین بکەن، لەمەش زیاتر ئێستا گەورەترین کێشەی شارێکی وەك بەسرا کە دووەمین گەورە شاری عێراقە و دەوڵەمەندترین شاری جیهانە لە سامانی سرووشتی و تاکە ڕێڕەوی دەریایی عێراقە و خاوەنی دوو بەندەری زۆر گەورەیە، بەڵام ئێستا ئەم شارە لە ئاوی خواردنەوەی پاك و لە هەموو خزمەتگوزارییەکی سەرەکی بێ بەشە، بۆیە ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆتان بکەن، ئایا چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی پاك و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ شارێکی وەك بەسرا چەندە؟ ئەوا وەك هاوینی ڕابردوو لیژنەیەکی پەرلەمانی عێراق خەملاندنی بۆ کردووە، نزیکەی ٣ ترلیۆن دینارە کە دەکاتە نزیکەی ٢,٥ ملیار دۆلار، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لەوە گەڕێن کە ڕۆژانە بەسرا زیاتر لە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و، تەنیا پارەی پترۆدۆلاری بۆ سەرف بکرێت، ئایا بەسرا هیچ کێشەیەکی ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزاری سەرەکیی دەبێت؟ بێگومان نەخێر،



**مەیادە محەمەد نەجار**

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەڵام بۆ حکومەتەکانی پێشووی عێراق نەیانتوانیوە پارەی پێویست بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی هەموو عێراق دابین بکەن؟ بێگومان وەڵامەکەی ئاسانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە سنگفراوانی وەری بگرن و دان بە هەڵەی رابردوودا بنێن، ئەویش ئەوەیە: بە درێژایی ١٠٠ساڵی رابردوو هەر کەس و لایەنێك حوکمڕانی کردبێت، خۆی بە عێراقی نەزانیوە، بەڵکو هەوڵی داوە عێراق وەك کاڵایەك بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، ئەمەش بەو مانایەی هەوڵیداوە لە کاتێکدا سوننە لە حوکمڕانیدا بووە، لە بری ئەوەی هەوڵبدا جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیەکانی عێراق بپارێزێت، هەوڵیداوە لە ژێر پەردەی قەومیەی عەرەبیدا دژایەتی کوردستان بکات و ناسنامەی مەزهەبی عەرەبی شیعە بسڕێتەوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە کە عەرەبی شیعە حوکمڕانیی کردووە، لەبری ئەوەی هەوڵبدات هەڵەکانی حوکمڕانی ١٠٠ ساڵی رابردووی هەموو حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراق راست بکاتەوە، کەچی بەداخەوە هەوڵیداوە تۆڵەی رابردوو بکاتەوە و هەمان هەڵەکانی حکومەتەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە، هەر بۆ نموونە فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش، سیاسەتی هەڵەی حوکمڕانیی حکومەتی عێراق بووە، سەرنج بدەن لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨، عەرەبی سوننەی عێراق خۆیان هێزەکانی سەحوەیان پێکهێنا و رێکخراوی قاعیدەیان تێکشکاند. بۆیە پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئەی بۆچی لە ساڵی ٢٠١٤ بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە پێشوازییان لەداعش کرد؟ لێرەدا دیسان ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا دەوڵەتی عێراق لە دوای سەرهەڵدانی داعش چەند زیانی لێکەتووە، بێگومان تەنیا ئەو چەکانەی لەلایەن سوپای عێراقەوە بۆ داعش بە جێ هێڵدران، بایی ٢٢-٢٥ ملیار دۆلار بووە، لەماوەی ٣ ساڵی شەڕی دژی داعشدا لانیکەم ١٠٠-٢٠٠ ملیار دۆلار خەرجی شەڕەکە بووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەڵمانیا، یان فەرەنسای دوای شەڕی دووەمی جیهانی بە چەند دووبارە بونیاد نرانەوە؟ ئەوا بەپێی ئەو پارەیەی لە پلانی مارشاڵ بۆیان تەرخانکراوە، ناگاتە تەنیا بڕی ئەو پارەیەی کە لەماوەی ٣ ساڵی شەڕی دژی داعش بەفیڕۆ دراوە.

لەدوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش، ئێمە وەك گەلی کوردستان لەو بڕوایەدا بووین کە حکومەتی عەبادی پەندی لە مێژوو و لە کارەساتی شەڕ وەرگرتووە، بۆیە ئێمە رای گەلی کوردستانمان وەرگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عەبادی بە دیالۆگ کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکەین، بەڵام لەبری زەمینە خۆشکردن بۆ دیالۆگ، حکومەتی عەبادی هێرشی سەربازی کردە سەر کوردستان، واتە عەبادی خۆشحاڵ بوو بەوەی ئیرادەی بەشێك لەگەلەکەی خۆی تێکبشکێنی، بەڵام نەیزانی زەلکاوێکی دیکە بۆ خۆی دروست دەکات و توانای ئەوەی نابێت ئاوی خواردنەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دابین بکات.

لە ئێستادا کە ژینگەیەکی تازەی سیاسی لە عێراقدا هاتۆتەئاراوە، زۆر گرنگە لەم خولەی پەرلەمان دیبەتەکان بەوشێوەیە بەڕێوە بچن، کە بەرژەوەندیی تەواوی عێراق لەبەر چاو بگیرێت و حکومەت و پەرلەمان عێراقییەتی خۆی بسەلمێنێت، ئینجا داوای عێراقیبوون لە کوردستان بکات .

**ئێمە رای گەلی کوردستانمان وەرگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عەبادی بە دیالۆگ کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکەین، بەڵام لەبری زەمینە خۆشکردن بۆ دیالۆگ، حکومەتی عەبادی هێرشی سەربازی کردە سەر کوردستان**

**لە ئێستادا کە ژینگەیەکی تازەی سیاسی لە عێراقدا هاتۆتەئاراوە، زۆر گرنگە لەم خولەی پەرلەمان دیبەتەکان بەوشێوەیە بەڕێوە بچن، کە بەرژەوەندیی تەواوی عێراق لەبەر چاو بگیرێت و حکومەت و پەرلەمان عێراقییەتی خۆی بسەلمێنێت، ئینجا داوای عێراقیبوون لە کوردستان بکات**

# کاتێ دینداری دەبێتە ساختە

کاتێ شێخی ئەزهەر محەمەد عەبدە (کۆچکردووی ساڵی ١٩٠٥) سەردانی ئەوروپای کرد، لەوێ بەراوردی نێوان ئەوروپا و وڵاتانی موسڵمانی کرد، بەتایبەتیش میسر، قسەیەکی بەناوبانگی کرد: «لە ئەوروپا موسڵمانی بێ ئیسلامم بینی، بەڵام لە وڵاتی خۆمان ئیسلامی بێ موسڵمانم بینی..»، ئەمە راستییەکە تەنیا ئەوەی سەردانی ئەوروپا دەکات، دەیزانێت، زۆربەی دزی و گزی و فڕتوفێڵ و بەرتیل و بازدان بەسەر یاسا لە وڵاتانی موسڵمانان روودەدەن، کەچی ئەمە لە ئەوروپادا بە کەمی دەبیندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا یاسا لێپێچینەوە لەم دیاردە نامۆیانەدا دەکات، کەواتە کەموکوڕییەکە لە ئاییندا نییە، ئایین دژی ئەم جۆرە رەفتارو سەرکێشی و رەوشتە نابەجێیانەیە، بەڵام کەموکوڕییەکە لە موسڵمانانە کە بە هەڵە لە ئایین گەیشتوون.

لەسەر موسڵمان پێویستە کە لە ژیانی رۆژانەیدا هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ دوولادا بزانێت، یەکەم: هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ خوا، دووەم: هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك، زۆرینەی موسڵمانان هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ خەلك نازانن، ئەوەی بە چاکی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا نەکات، کەواتە مامەڵەیشی لەگەڵ خوادا خراپە، چونکە خوا مامەڵەی چاکی لەگەڵ خەڵکدا فەرزکردووە، پابەندبوون بە لایەك و پابەندنەبوون بە لایەکەی دیکەوە کەموکوڕییە لە تێگەیشتنی راستیی ئایین، فەلسەفەی ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستیی مامەڵەی چاك لەگەڵ هەردوو لادا، هەندێ پێیانوایە کە ئەگەر مامەڵەی لەگەڵ خوادا باش بێت، چی تێدا نییە ئەگەر مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا خراپ بێت، بەڵام ئەمە راست نییە، بەڵکو پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەردوولا وەك یەك بێت، لەگەڵ جیاوازی لەنێوان هەردوو مامەڵەکردنەکەدا، یەکەمیان مامەڵەی پەرستنە، دووەمیان مامەڵەی رەفتاری خەڵکە لە باوەڕدارێکەوە بۆ برای باوەڕداری بە جیاوازیی ئایین و ئایینزا. عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب دەڵێت: خەڵك دوو جۆرە: برایەکت لە ئایین، یان وەکو تۆ لە خەڵك.

مایەی خەمە کە کۆمەڵگەکانمان بەدەست ئەو دیاردە مەترسیدارەوە دەناڵێنن، ئەویش جیاکارییە لەنێوان ئەو دوو مامەڵەیە، کەم کەس هەیە هەردوو مامەڵە ئەنجام بدات، واتا کۆکردنەوەی نێوان دینداریی راست و نێوان رەوشتی باشدا. پێغەمبەر(دخ) لە هەموو کەسێك زیاتر لەخواترس بووە، لە هەمان کاتدا لە هەموو خەڵك زیاتر خاوەن رەوشتێکی بەرز و مامەڵەی چاك بووە لەگەڵ خەڵکدا، ئەمەیە راستیی ئیسلام، کەچی لە کۆمەڵگەکانمان بە پێچەوانەوەیەو مزگەوتەکان تژین لە نوێژکەران و ریزی یەکەمیش لەخواترسی لێیە، هەروەها میحرابی مزگەوتەکان بانگخوێنی تێدایە، هۆڵەکانیش جمەیان دێت لە ئاوازدانەرو ئاهەنگێڕان بە بۆنە ئایینییەکان، هاوکات خوێن لەبەر قوربانییەکاندا دەڕژێت، ئەمە سەرباری کەعبە کە بەردەوام حاجی و عومرەکارانی لێیە، ئەگەر پێیان بڵێم ئەمانە بۆچی؟ وەڵامەکیان ئەوەیە کە بۆ خوای پەروەردگارە، کاتێکیش لە مزگەوت دەردەچێت، یان لە حەج و عومرە دەگەڕێتەوە، ئەوا مرۆڤێکی دیکەیە جیاواز لەوەی پێشوو، کەواتە ئەوەیە مرۆڤی رەوشت خراپ.

رەنگە باشترین نموونە کە باسی لێوە بکەین، دیاردەی بڵاوبوونەوەی درۆ بێت لەنێوان خەڵکدا، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ناچێتە عەقڵەوە، ئەوەی نامۆیە لەم دیاردەیەدا ئەوەیە کە ئەمە لە سەردەمی زانایانی پێشووشدا هەبووە، سەعید قەتتان دەڵێت: گوێم لە باوکم بوو دەیگوت:

**زۆربەی دزی و گزی و فڕتوفێڵ و بەرتیل و بازدان بەسەر یاسا لە وڵاتانی موسڵمانان روودەدەن، کەچی ئەمە لە ئەوروپادا بە کەمی دەبیندرێت**

د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی



درۆم لـە کەسـێکدا نەدەبینـی، بەقـەد ئـەوەی کـە زۆرتـر لـە خێرخوازانمـدا دەبینـی. یەحیـا کـوڕی موعینیـش دەڵێـت: زیاتـر درۆم لـە بەغـدا بینـی. لەوانەیـە هەنـدێ کـەس لـەو ڕەفتـارە نەخـوازراوە ڕاهاتبێـت، بەشـێوەیەك کـە ناتوانێـت دەسـتبەرداری بێـت، بەڵکـو ڕەنگـە چێژیشـی لـێ وەربگرێـت. ئەسمەعی دەڵێت: بە ئیعرابییەکم گوت: چی وات لێ دەکات درۆ بکەیت، لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر تامـی بکەیـت لەبیـری ناکەیـت!

لێـرەدا پرسـیارێك دێتەئـاراوە، کامـە جـۆر باشـترینیانە، ئایا لەگـەڵ پەرستارێکی بێ ڕەوشت بـم، یـان بێدینێکـی ڕەوشـتبەرز؟ وەڵامەکـە ئەوەیـە کـە ئـەم بـەراورد و جیاکارییـە ڕەنگـە بەپێـی لایەنـە مەبەسـتدارەکە قبـووڵ بکرێـت، لەکاتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ خەڵکـدا باشـیی مرۆڤـی بێدینـی خـاوەن ڕەوشـتی بـاش بەسـەر پەرسـتاری لەخواترسـی خاوەن ڕەوشـتی خـراپ دەردەکەوێـت، چونکـە یەکەمیـان لەهەمـوو بارێکـدا مامەڵـە لەگـەڵ خەڵکـدا دەکات، ئـەوەی دووەمیـان مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا دەکات، لەنێـوان خـۆی و خواکەیـدا باشـە، بـێ ئـەوەی لەگـەڵ خەڵکـدا بـاش بێـت، لەگـەڵ ئەوەیشـی کـە دینداریـی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە لەنێـوان خـۆت و خەڵکـدا بـاش بیـت، تاکـو ببێتـە دەسـتپێکێك بـۆ چاکسـازیی نێـوان خـۆت و خـوا، پاشـان دینـداری شـتێکی شەخسـیی نهێنییـە و نابێـت بـۆ خەڵـك دیاربێت، چونکـە خوا کاری نهێنـی خۆشـدەوێت کـە بـۆ ئـەو پـاك و بێگـەرد بێـت، بـەڵام ڕەوشـتی بـاش بـۆ خەڵکـە، بۆیـە پێویسـتە بـۆ خەڵـك دەرکەوێـت، بـە شـێوەیەك گوزارشـت لـە ڕاسـتیی دەروونـی پاکـی مرۆڤایەتـی بـکات، کـە ڕق بەرامبـەر کـەس هەڵناگرێـت، لەبـەر ئـەوە دینـداری و ڕەوشـت دوو تـای تەرازوویەکـن، ناکرێـت تـەرازوو داپـەروەرو سـاخ و دروسـت بێـت، ئەگـەر هـەردوو تـا یەکسـان نەبـن، کاتێکیـش سـەرنج لـە دینداریکـی ڕەوشـتخراپ دەدەیـن، واتـا ئـەو کەسـە لەناخـەوە هاوسـەنگ نییـە، بـە لێکدانەوەیەکـی دیکـە پشـێویی دەروونـی هەیـە، هەرچەنـد دینداریـی مـرۆڤ بەهێزتـر بێـت، ئـەوا دەبـێ ئاسـتی ڕەوشتباشـیی بەرزتـر بێـت، چونکـە کاتێـك لایەنـە دینداریيەکـەی بەهێزتـر بێـت بـێ بەرزیی لایەنی ڕەوشت، ئەو مرۆڤە دەبێتە کەسێکی چەقاوەسـووی ڕووگـرژی دڵـڕەق و دووزمـان کـە لـە ڕووی مامەڵـەی نێـو کۆمەڵگـە پەسـندکراو نییـە. سـەیرە هەنـدێ دیندار دیندارییان لە دیاردە و شێوەو جـۆری دیاریکـراودا کۆکردۆتـەوە، کـە هەموویـان پێچەوانـەی دینداریـی دروسـتە، کاتێکیـش مـرۆڤ خـاوەن ڕەوشـتی بـەرز بێـت و دینـدار نەبێـت، یـان بڵێیـن مرۆڤێکـی بێدینـی دووڕوو و خـاوەن ڕەوشـتی بـەرز بێت، ئـەو مرۆڤـە بـە دووزمـان و سەرلێشـێواو دادەنرێـت لای خـوای پـەروەردگار. ئەمـە تەنیـا کێشـەی خۆیەتـی لەگـەڵ خـوای خۆیـدا، ڕۆژی دوایـی لەسـەر یاخیبـوون و سەرکێشـییەکەی لێپیچینـەوەی لەگەڵـدا دەکات، ئێمـە مافمـان نییـە لێی بپرسینەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی ڕۆژانـە لای خەڵـك پەسـندکراوە، ڕەنگـە بێدیـن بێـت، بـەڵام دەسترۆیشـتوو و قسـەخۆش و نەرمونیـان بێـت، ئەمـەش ڕێگـە لـەوە ناگرێـت کـە خەڵـك خۆشـیان نەوێـت، لەبـەر ڕەوشـتە بەرزەکـەی، سـۆفیگەری گـەورە یەحیـا کـوڕی مەعـاز ڕازی دەڵێـت: دڵـی دەسترۆیشـتووان پـڕی خۆشەویسـتییە هەتـا ئەگـەر بێدینیـش بـن، دڵـی پیسـکەکان پـڕە لـە ڕق و کینـە هەتـا ئەگـەر باوەڕداریـش بـن، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە بێدینـی و بەدڕەوشـتیی کەسـێکەوە ئـەوا بـۆ خۆیەتـی و لەنێـوان خـۆی و خوایدایـە، ئەمـەش بـەو مانایـە نییـە کـە ئێمـە بـە داناییـەوە ئامـۆژگاری بکەیـن، بـەڵام ئێمـە قسـە لەسـەر فەلسـەفەی مامەڵەکـردن دەکەیـن لەگـەڵ ئـەو چەشـنە کەسـە جیاوازانـە.

**زۆرینەی موسڵمانان هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک نازانن، ئەوەی بە چاکی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا نەکات، کەواتە مامەڵەیشی لەگەڵ خوادا خراپە، چونکە خوا مامەڵەی چاکی لەگەڵ خەڵکدا فەرزکردووە**

# كاریگەریی میدیا

## بەشی شەشەم

## كاریگەریی پەراوێزخستن

پەراوێزخستنی میدیا (Media marginalization) یەكێكە لەو باسانەی لە دەرەنجامی كاریگەریی میدیا لە ناوەندە میدیایی و لێكۆڵینەوە میدیاییەكاندا باس دەكرێت، چونكە میدیا لە وڵاتانی پێشكەوتوو وەك خزمەتگوزاریی گشتی و هاوشان لەگەڵ خزمەتگوزارییە گشتییەكان كە دەوڵەت پێویستە بۆ هاووڵاتی دابینی بكات، ناسێنراوە، واتە دەبێت میدیای نیشتمان بگاتە هەموو كەسێك و خزمەت بە هەموو كەس بكات لە هەموو تەمەنێك، (پیر، گەنج و منداڵ)، هەموو رەگەزێك (ژن و پیاو)، هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەكان كە لە وڵاتدا بوونیان هەیە، هەروەها هەموو ئاستێكی كۆمەڵایەتی وەك دایك، كەیبانوو، مامۆستا،خوێندكار و...هتد. ئاستە جیاوازەكانی وەك هەژار و دەوڵەمەند، خوێندەوار و نەخوێندەوار، لادێی و شاری، ئەمانە دەبێت هەموویان زانیاریی جیاواز لە بوارە جیاوازەكانی سیاسی، كۆمەڵایەتی، تەندروستی، ئایینی، وەرزشی و.. هتد وەربگرن، كات بەسەربردن بۆ هەموو لەم ئاستانە هەبێت، پەروەردە كە ئەركێكی سەرەكیی میدیایە بۆ هەموو ئەو ئاستانە و بۆ ئەو زانیارییە جۆراوجۆرانە هەبێت. كە ئەمانە هەبوون ئیتر هیچ تاكێكی كۆمەڵگە هەست ناكات لە دەرەوەی بابەتەكانی میدیایە، فیلمێك كە بەرهەمی دێنن، چیرۆكەكانی فیلمەكە ڕەنگدانەوەی ژیانی تاكەكانە، پیری تێدایە، هەژار، دەوڵەمەندە كلاسە جیاوازەكانی كۆمەڵگە، ئەو كات كەس هەست ناكات پەراوێزەو خۆی و كەسایەتی و پێگەی خۆی و پێداویستییەكانی لە میدیاكاندا دەدۆزێتەوە، بەڵام كاتێك مرۆڤ تەماشای بابەتێك دەكات كە بابەتەكەی جیاوازترە لە ئاستی گوزەران و پێداویستییە مەعریفییەكانی، هەست بە كەمی و نامۆبوونی تێدا دروست دەبێت. بەتایبەتی هاتنی میدیای بازرگانی كە گرنگی و بایەخی بۆ ئەو روخسارانەیە كە سەرنجڕاكێش و جوانن، مرۆڤ كاڵایە و بۆ رەواجپێدانی كاڵا و بەرهەمە بازرگانییەكان بەكاردێت، لێرەدا ئیتر



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی




ئاست و چینەکانی دبکە خۆیان وەك کەسێکی نامۆ و ناپێویست لە کۆمەڵگەدا دەبیننەوە.

ئیلیسمار پسپۆڕی بواری میدیا لە کتێبێکیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ دەڵێت: «میدیا دەبێت ئەرکی دروستکردنی دادی کۆمەڵایەتی ببینێت، لەناو کۆمەڵگەدا و جیاوازییەکان نەهێڵێت، نەك جیاوازی دروست بکات.» ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام میدیا و بابەتە بازرگانییەکان لە میدیاکاندا لە جەوهەری مرۆڤ کەم دەکاتەوە و مرۆڤ دەکاتە کاڵا و گرنگیدانی مرۆڤ بە تەواوەتی کورت دەکاتەوە لە: جوانیی لەشولار و روخسار و بوونی شتە ماددییەکاندا، ئیتر مرۆڤ هەست بە بەهای خۆی ناکات و لایەنی رۆحی و مەعریفی لاواز دەبێت و هەمیشە هەوڵی لاساییکردنەوەی کارەکتەرەکانی ریکلامی فیلمەکان دەدات، ئەگەریش نەیتوانی وەك ئەوان جوان بێت و خاوەنی لەشولارێکی سەرنجڕاکێشی وەك ئەوان بێت، هەستی نامۆبوون و هەست بە کەمیکردنی تێدا دروست دەبێت.

● **ئاسەوارەکانی:**

١- هەستی خۆ بە کەم زانین و پەراوێزبوون و نامۆبوون لای تاك دروست دەبێت.

٢-دروستبوونی جیاوازی و جیاکاری و رێگری لە بەردەم دادی کۆمەڵایەتی بە هۆی ئەو هەست بە جیاوازییەی کە میدیا لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

٣- کەمبوونەوەی بەها مرۆییەکان و گەڕان بەدوای شتە رووکەش و جوانکارییەکان تاوەکوو لاسایی و وینەی کارەکتەرە سەرنجڕاکێشەکانی ناو بابەتە میدیاییەکان بۆ خۆی رابکێشێت .

● **چارەسەر:**

١-دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانی کە کار بۆ هەموو هاووڵاتیان بکات بە هەموو جیاوازییەکانەوە و وەك چەترێك کۆیان بکاتەوە.

٢-کارکردن بۆ بوونی بەرهەمی خۆماڵیی میدیایی کە خزمەت بە خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بکات لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا.

# کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ڕیکلام لەسەر ئافرەتان

«ناجی محمد السعیدی» خاوەنی ماستارنامە لە بواری میدیادا (٢٠١٢)، لە توێژینەوەکانی کۆنی)دا ئەوە دەگێڕێتەوە کە ریکلامی بازرگانیی وێنەی ئافرەت لە بوارێکی بچووکی ژیانیدا قەتیس دەکات، کە دەرخستنی جوانییەکانی جەستەو کاری نێوماڵە .

بۆیە بەردەوام گواستنەوەی ئەم وێنەیەی ئافرەت و چەند بارەکردنەوەی بە درێژایی ڕۆژانی ساڵ، ئەوە لە هزری ئەو دوای کۆمەڵگەدا دەچەسپێنێت کە ئافرەت تەنیا جەستەیەکە بۆ ریکلامکردن وەك لە کتێبی (الإعلان ونهایة العالم)دا هاتووە: «ریکلامکاران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان زۆرترین قازانجی ماددییان لەو ریکلامانەدایە کە ئافرەت وەك جەستەو جوانیی رووکەش بەکاردەهێنن.»

- **زیانە کۆمەڵایەتییەکانی ریکلام لەسەر توێژی ئافرەتان و ژنان:**

١. پیشاندانی ئافرەت وەك کچێکی هەمیشە جوان و خاوەنی هەموو پێوەرەکانی جوانیی بەردەوام.

٢.هەستکردنی ئافرەتانی ئاسایی و تەمەن ناوەڕاست و گەورەتر بە شەرم و خۆبەکەمزانین بە هۆی خۆبەراوردکردن لەگەڵ کچانی هەمیشە جوانی ریکلامەکاندا.

٣. ئالوودەکردنی ئافرەتان بەو وێنە دەستکردەی جوانی کە تەنیا بە کەرەستەو ئامێری جوانکاری دروست دەکرێت.

٤. سەرفکردنی سەدان دۆلار لە کڕینی کەرەستەی ماکیاژ و جوانکاری بۆ گەیشتن بە ئاستی کچانی هەمیشە جوانی ریکلامەکان.

٥. ئافرەت وای لێدێت کە روخساری خۆی وەك ماسکێك تەماشا بکات و، خۆی تەنیا لە جەستەدا ببینێت و، کەلێنێك لە نێوان روخساری دەرەکی و خودی ڕاستەقینەی خۆیدا دروست بکات.

٦. ریکلام جەستەی ئافرەت دابەش دەکات بۆ پارچەی بچووك بچووکی وەك چاو و برۆ و لێو و قژ و سنگ و لاق و دەست و مەچەك و پەنجە، واشی فێردەکات کە هەر پارچەیەکی هەمیشە پێویستی بە گۆڕین و چاککردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام کۆمەڵگە رێزی لێبگرێت.

٧. پشتگوێخستنی تەندروستیی ڕاستەقینە لە ریکلامەکاندا و بایەخدان بە خواردنی خێرا و ئامادەکراو و خواردنەوە گازییەکان و جگەرە، کە زیانی گەورە بە تەندروستی دەگەیەنن.

٨. هاندانی کچانی نوجەوان بۆ پێشبڕکێی بەردەوام لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا و، ترساندنیان لە ئایندە و لە پیری و لە لەدەستدانی جوانیی جەستەیان.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

٩. قەتیسکردنی ئافرەت لە چێشتخانە و قسەکردن لەبارەی ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەی نوێ و بەکارهێنانی تاید و سابوون و شامپۆی قاپشۆردنی نوێ.

١٠. کۆکردنەوەی ئەرکی زۆر لەسەر شانی ئافرەت وەك ئەوەی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بێت، هەمیشە رازاوە بێت، چێشتلێنەرێکی کارامە بێت، منداڵ بەخێو بکات و پاك رایان بگرێت و جلوبەرگیان بشوات، دڵی منداڵەکانی و مێردەکەی و هاوڕێکانی و کۆمەڵگە لە خۆی رازی بکات.

## ● ئەرکەکانی دەزگاکانی راگەیاندن لەبەرامبەر ئافرەتان:

لەسەر دەزگاکانی راگەیاندن و پەخشکردنی بەرهەمەکانی ریکلام پێویستە کە:

١. رەچاوکردنی ناسنامەی مرۆڤبوونی ئافرەت، نەك تەماشاکردنی تەنیا وەك جەستە.

٢. دانانی پێوەر و ستانداری زانستیی گونجاو بۆ کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلام، بە مەبەستی رێزگرتن لە پێگەی ئافرەتان.

٣. نەسپاردنی ریکلامکردن بۆ خواردنەوە کحوولییەکان و جگەرە بە ئافرەتی ریکلامکار.

٤. دوورخستنەوەی ئافرەتی ریکلامکار لە بینینی رۆڵی وروژێنەر و قسە و جووڵەی نەشیاو.

٥. پابەندکردنی کۆمپانیاکانی ریکلام بەوەی کە ناوەڕۆکی ریکلامەکانیان بە پێوەر و رێساکانی راگەیاندن پابەند بن.

## ● راسپاردەکان:

١. کارکردنی ئەنجومەنی باڵای خانمانی کوردستان لەسەر گێڕانەوەی پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتیی ئافرەتان.

٢. بەدواداچوونی لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمان بۆ یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی و هەوڵدان بۆ ئەژمارکردنی بازرگانیکردن بە وێنەی ئافرەتەوە لە ریکلامدا، وەك جۆرێکی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان.

٣. کارکردنی رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و خوشکان لەسەر دۆسیەی ئافرەت لە ریکلامە بازرگانییەکاندا و کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ ئافرەتان لە بارەی زیانەکانی ئەم دیاردەیەوە.

٤. بەدواداچوونی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ پابەندبوونی کەناڵەکان بە رێنمایی پەیوەست بەم دۆزە.

٥. بەدواداچوونی سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ کاری گۆڤار و رۆژنامەکان لە بواری ئافرەت لە ریکلامە بازرگانییەکاندا.

# میدالیای کوردستان بۆ داهێنان

هاووڵاتیبوون بەوە پێناسەکراوە کە تاك ئەندامێکی وڵاتە، شایەنی ئەوەیە کە لە رێی ئەو ئەندامێتییەوە دەستکەوتی هەبێت، بە واتا سیاسییەکەیشی ئاماژەیە بۆ ئەو مافانەی کە دەوڵەت لەسەر شانیەتی لەهەمبەر ئەو کەسەی کە رەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەی هەیە، هاوکات ئەو پابەندبوونانەی بەسەریدا دەیسەپێنێت، یاخود وەفاداری لە بەشداریکردنی تاك لە کاروباری نیشتمانەکەی و هەستکردن بە ئینتیما.

وا پێویست دەکات کە هەموان کاربکەن، بەڵام هەموان وەك یەك نین و دەرناکەون، هەیانە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی زیاتر پێشبکەوێت و رەوش و تواناکانی چاکتر بکات، هەشیانە پاڵدەداتەوەو دەحەسێتەوە، بەڵام نایەوێت پێشبکەوێت.

هەندێ هاووڵاتی هەن بەشداری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جیاوازی سوودمەند بە کۆمەڵگە دەکەن بە هەموو چین و توێژەکانەوە، لە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و چاودێریی کۆمەڵایەتی، لەپاڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ناوی وڵات بەرزدەکەنەوە، بۆ نموونە وەرزش و میدیاو ...تاد. هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمێك هەیە بۆ رێزگرتن لەو داهێنەرانەو هاندانی کەسانی دیکە بۆ کارکردن بە شێوەی جیاواز لەپێناو خزمەتکردنی هەرێم و کۆمەڵگەکەیان، بۆیە ئەم پرۆژەیە پێشنیار دەکەین.

- **«میدالیای کوردستان بۆ داهێنان»**
- **چوارچێوە یاساییەکە:**

پەرلەمانی کوردستان یاسای میدالیای کوردستان بۆ داهێنان لە هەرێمی کوردستان دەدربکات و تێیدا میکانیزم و دەستکەوتەکان و ئەو بوار و مەرجانە بۆ پێدانی میدالیاکە دەستنیشان بکات.

- **میدالیاکە:**

میدالیا بریتییە لە خەڵاتێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی هەرێم بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە رێی ئەو خەڵاتەوە رێز لە تاك و کەسایەتییەکانی کەرتی تایبەت و خەڵك و کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە حکوومییەکان بگیرێت، ئەوانەی شوێن پەنجەیان دیارە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و هەرێمدا لەم بوارانەدا: تەندروستی، پەروەردە، چاودێریی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، هونەر، وەرزش، ئاسایش و.. تاد.

- **گرنگیی میدالیاکە:**

گرنگیی ئەم میدالیایە رێزلێنانە لە دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی کوردستان، بە مەبەستی هاندانیان بێت تاکو زیاتر پشتیوانیی کۆمەڵگە بکەن، لەپاڵ کاری دامەزراوەیی بە رێگایەك کە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا بێت.

- **ئەو چالاکییانەی کە میدالیاکەیان تێدا دەبەخشرێت:**

١. چالاکییەك و کارێکی جیاواز بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

٢. چالاکییەك و کارێك کە ببنە هۆکارێك بۆ رزگارکردنی گیانی ئەوانەی رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە لە ئەنجامی رووداو و کارەساتە سرووشتییەکان.

٣. چالاکییەك و کارێك کە ببنە هۆکارێك بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و هەرێمەکە دووربخاتەوە لە ئەگەری مەترسیی کردەوە تیرۆریستییەکان.

٤. چالاکییەك و کارێکی پزیشکی، یان تەندروستی ببنە هۆکارێك بۆ ئەوەی چین و توێژێکی گەورەی کۆمەڵگە لێی سوودمەند بێت و رەوشی تەندروستی و پزیشکیی هاووڵاتیان چاکتر بکەن.

٥. چالاکییەك و کارێکی وەرزشی کە ناوی هەرێم لەسەر ئاستی نیشتمان و جیهان بەرزبکەنەوە.

٦. چالاکییەك و کارێکی پەروەردەیی کە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە بۆ هەموو هاووڵاتیان چاك بکات.

٧. چالاکییەك و کارێکی میدیایی کە ناوی هەرێم لەسەر ئاستی نیشتمان و جیهان بەرزبکاتەوە.



د.سەباح یوسف ئەلمالح

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمانە هەندێ نموونە بوون: ڕەنگە چالاکیگەلێکی دیکەش هەبن باسمان نەکردبن.

**● شایستەبوونی میدالیاکە:**

میدالیاکە تەنیا بەرامبەر ئەو کارو چالاکییە جیاوازو نائاساییانە دەبەخشرێت کە سوودی دیاریکراویان بۆ کۆمەڵگە دەبێت.

**● هەیکەلبەندیی کارکردن:**

هەیکەلبەندیی کارکردن بۆ بەخشینی میدالیاکە بەم شێوەیە بێت:

١. پێکهێنانی لیژنەیەك، یان ئەنجومەنێك بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجومەنی وەزیران لە کەسانی بێلایەن و ناسراو لەسەر ئاستی هەرێم و ناسراویش بن لە رووی تواناو لێهاتوویی و دەستپاکییەوە.

٢. پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی لاوەکیی پسپۆڕ لەو بوارانەی کە باسکران.

**● میکانیزمی کارکردن:**

١. پاڵاوتن لەلایەن چەند کەسێك و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵە و وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەش بە لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان بکرێت کە هاوپێچ بکرێت بەو بەڵگەنامانەی شایانبوونی کەسەکە دەسەلمێنن.

٢. لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان لە ناوی بەربژێران و بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان بکۆڵنەوەو ئەو ناوانە هەڵبژێرن کە مەرجەکانیان تێدایە و پێشکەشی لیژنەی باڵای بکەن.

٣. لیژنەی باڵا ناوە پێشنیارکراوەکان لە لیژنە لاوەکییە پسپۆڕەکان وەربگرێت و بیانپشکنێت و بە وردی لێیان بکۆڵێتەوە و لە بەڵگەنامەکان دڵنیا ببێت.

٤. لیژنەی باڵا بە شێوەی نهێنی لیستی ناوی بەربژێران لە هەموو چالاکییەکاندا پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی وەزیران بکات، تاکو بە شێوەی نیمچە کۆتایی بڕیاری لێ بدات.

٥. بەڕێز سەرۆکی وەزیران لیستەکان بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم بنێرێت تا بڕیاری لێ بدات.

**● کات وماوەی دیاریکراو:**

١. پاڵاوتن پێشکەش بە لیژنە لاوەکییەکان بکرێت لە مانگی ئەیلوولی هەموو ساڵێکدا، ئەوانیش راسپاردەکان لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ لیژنەی باڵا بەرزبکەنەوە.

٢. لیژنەی باڵا لیستێك بە ناوی بەربژێران لە کۆتایی تشرینی دووەم پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی وەزیران بکات.

٣. بەڕێز سەرۆکی وەزیران لیستێکی نافەرمی بە ناوی بەربژێران پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بکات، تاکو بە شێوەی فەرمی بڕیاری لێ بدات.

٤. بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیار لەسەر لیستەکە بدات و لە وەقایعی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمدا بڵاوبکرێتەوە.

٥. سەرۆکایەتیی هەرێم ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ئەم بۆنەیە لە دواهەفتەی کانوونی یەکەم رێکبخات و تێیدا سەرۆکی هەرێم میدالیاکان ببەخشێتە بەربژێران.

**● باری نائاسایی:**

١. دەکرێ میدالیا ببەخشرێتە ئەو فەرمانبەرانەی لە دامەزراوەکانی حکوومی یان نیمچەحکومیدا کاردەکەن دوور لە بواری پسپۆڕییان کە مووچەی لەسەر وەردەگرن، بەمەرجێ کە دەستپێشخەرییەکان، یان خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە گەورەترین توێژی کۆمەڵگە بکرێن.

٢. میدالیا بەخشراوەکە لە کەسەکان وەربگیرێتەوە، ئەگەر ئەنجامدانی تاوانی ناموسبەر، یان بەدڕەوشتی، یان بەهەدەردانی سامانی گشتییان لەسەر بسەپێندرێت.

دەتوانرێت ئەم پێشنیارە دەوڵەمەند بکرێت لەمیانی بەشداریکردنی پەیوەندیدارو پسپۆڕانی ئەم بوارە.